گوڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١ ژ.١، ٢٠٢٣
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v1n1a1948

# پێشكارەنوێیەكانی دادوەرێتی كارگێڕی بەپەلەی پەیوەندیدار بە سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان

## -- توێژینەوەیەكی شیكاری بەراوردكاریە –

م. ی. هێمن حسێن حمدامین، قوتابی دكتۆرا لە یاسای گشتی، فاكەڵتی یاسا و ز. سیاسییەكان و بەڕێوەبردن، زانكۆی ســۆران، هەرێما كوردستانا عیراقێ
پ. د. دانا عبدالكریم سعید، پرۆفیسۆری یاسای گشتی، كۆلێژی یاسا، زانكۆی سـلێمانی، هەرێما كوردستانا عیراقێ

**پوختە**

هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی گشتی لە جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان بە مەبەستی باش بەڕێوەچوونی خزمەتگوزارییە گشتیەكان بەشێوەیەكی ڕێكوپێک و بەردەوام، لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی تاكەكان بۆتە یەكێک لە گرنگترین بوارەكانی هەوڵ و كۆششی دادوەرێتی كارگێڕی بەراوردكاریی. لە ئەنجامی دەستگرتن و پابەندبوون بەم هاوسەنگییە مەبەستدار و خوازراوە بووە هۆی تێپەڕاندنی ڕێسای "كاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری كارگێڕی بەتانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی" و ڕێگە درا كە جێبەجێكردنیان وەک بەدەركردنێك ڕابگیرێت. هەروەها، دەشێ بڕیارە كارگێڕییە نەرێنییەكان ببنە بابەتی داوای هەڵوەشاندنەوە لەبەردەم دادگای كارگێڕیدا، دواتریش داواكارییەک لەلایەن خاوەن بەرژەوەندیەكە پێشكەش بكرێت بۆ ڕاگرتنی جێبەجێكردنیشان، سەرەڕای ئەو كێشە و ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ئەم بابەتە دەبێتەوە لەبەردەم دادگاكان و دیدگای جیاوازی یاساناسان لەسەر دروستی ڕێگەپێدانی. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو پێشهات و پێشڤەچوونانەی كە لە گۆڕەپانی جێبەجێكردنی ڕێسای كاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری كارگێڕی بەتانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی و ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییە نەرێنییەكانەوە هاتونەتەكایەوە، ئەمەش بەپشت بەستن بە دەرخستنی گرنگترین كارپێكراوەكانی دادوەرێتی كارگێڕی بەراوردكاری و مەودای یاوەری كردن ئەم پێشڤەچوونانە پەسەندكردنی لەلایەن دادگای كارگێڕی عێراق و هەرێمی كوردستان.

**وشە كلیلییەكان:** دادوەرێتی كارگێڕی بەپەلە، سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێكردن، بڕیارە كارگێڕییەكان، دەسەڵاتی كارگێڕی، بڕیارە كارگێڕییە نەرێنییەكان.

## 1. پێشەكی

### 1.1 كرۆكی توێژینەوە

بڕیارە كارگێڕییەكان بە یەكێك لە گرنگترین ئامرازە یاساییە كاریگەرەكان دادەنرێن كە دەسەڵاتی كارگێڕی بەهۆیەوە گوزارشت لە سیاسەتی گشتی دەوڵەت و سیستەمە یاسایی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانی دەكات. هەر بۆیە بڕیارە كارگێڕییەكان بە دەرچوونییان شیاوی جێبەجێكردن دەبن دەرهەق بە تاك و دەسەڵاتی كارگێڕی، بەو واتایەی دەسەڵاتی كارگێڕی دەتوانێت تاكەكان پابەند بكات بە بڕیارەكانی، كاتێک بە ویستی تاكلایەنی خۆی دەریان دەكات، ئەوەش بە پشت بەستن بە قەرینەی ڕەوایەتی یاسایی و گریمانەی دروستی بڕیارەكە تا ئەوكاتەی پێچەوانەكەی دەسەلمێنرێت؛ بەشێوەیەک تەنانەت تانەلێدانیش بە هەڵوەشاندەوە لەبەردەم دادگای كارگێڕی، كاریگەری لەسەر جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكە دروست ناكات و نابێتە هۆی ڕاگرتنی، ئەمەش بەهۆی بوونی ڕێسای كاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری كارگێڕی بەتانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی (الاثر غير الواقف للطعن بالالغاء في القرارات الادارية) لەبەر كۆمەڵێک پاساو و بیانوو؛ لەوانەش، ڕێگەگرتن لە پەكخستنی ڕاگرتنی چالاكییەكانی دەسەڵاتی كارگێڕی كە ئامانج لێی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتییە، تەنها ئەگەر هاتوو لە یاساكاندا بەپێچەوانەی ئەوە دەقی لەسەر هاتبوو، بەشێوەیەک وەكو بەدەركردنێك لەو ڕێسایەی سەرەوە یاسادانەر ماف دەداتە تاكەكان بۆ داواكردنی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان بەشێوەیەكی كاتی تاكو ئەو كاتەی كە داوای هەڵوەشاندنەوە یەكلایی دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر كەسی پەیوەندیدار بزانێت جێبەجێكردنی ئەو بڕیارە دەرەنجامی مەترسیداری ئەوتۆی لێدەكەوێتەوە كە ناتوانرێت خۆی لە زیانەكانی ئاسەواری ئەو دەرەنجامە بەدوور بگرێت.

### 2.1 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە بەدیار دەكەوێت كە بە وردبوونەوە لەو سەروبەندەی كە داوای ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان لە گرنگترین داواكانی دادگای بەپەلەیە و لە هەمووشیان بەرفراوانترە، لەبەرئەوەی ئامرازێكی كاریگەرە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەكانی تاک لە بەرامبەر چیاوگەكانی دەسەڵاتی كارگێڕی بۆ جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆی بڕیارە كارگێڕییەكان، ئەمەش دوای ئەو پێشكارەنوێیانەی كە لە یاسا و دادگای كارگێڕی فەرەنسا لە ساڵی ٢٠٠٠ و هەندێک وڵاتی دیكە هاتنە كایەوە. گرنگیەكی دیكەی ئەم توێژینەوەیە

لەوەدا دەردەكەوێت كە سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێكردن ڕەنگدانەوەی هاوسەنگیی دادپەروەرانەیە لە نێوان مافی دەسەڵاتی كارگێڕی بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكەی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و مافی تاكەكان كە دادگای كارگێڕی هەوڵی بەدیهێنانی دەدات بەمەبەستی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی ئەو جۆرە بڕیارە بۆ ماوەیەكی كاتی تا ئەو كاتەی داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە كارگێڕییەكە یەكلایی دەبێتەوە، ئەم هەوڵەی دادگاش دەبێتە هۆی پاراستنی پێگە یاساییەكەیان و دووركەوتنەوە لەو زیانە گەورەیەی كە ڕەنگە بەریان بكەوێت و لابردنی ئاسەوارەكانی ئەستەم بكات.

**3.1 كێشە و پرسیارەكانی توێژینەوە:**

كێشەی سەرەكی ناونیشانی توێژینەوە، بریتییە لە نەبوونی ڕێكخستنێكی یاسایی تۆكمە بۆ داوای ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان لە یاساكانی ئەنجوومەنی دەوڵەتی عێراق ژمارە (٧١) ی ساڵی ٢٠١٧ و ئەنجوومەنی شورای هەرێمی كوردستان ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨، بە بەراورد بەو وڵاتانەی كە ڕێكخستنێكی یاسای لەم جۆرەیان بۆ كردووە، هەروەک ئەوەی بەدی دەكرێ لە یاسا بەراوردكارییەكانی فەرەنسا و هەندی دەوڵەتی تر، ئەمەش بە كەموكوڕی و بۆشایی یاسایی هەژمار دەكرێن.

لەڕوانگەیەكی دیكەوە، پرسی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییە نەرێنییەكان بۆتە جێگای ڕاجیایی و مشتومڕ لەنێوان بیرمەند و یاساناسانی بواری یاسای كارگێڕی، زۆرجار ئەم دیدگا و بۆچوونە جیاوازانە كاریگەری لەسەر هەڵوێستی دادگاكانیش دروست دەكەن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێكی زانستی و ئەكادیمییە بۆ وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری سەرەكی، كە پرسیارەكان لە كۆتاییدا دەبنە بنەما بۆ دابەشكردن و دیاریكردنی بەشەكانی توێژینەوەكە، لەوانە؛ ئایا چەمكی ڕێسای "كاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری كارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی" وەک پرەنسیپێكی گرنگ و بابەتێكی نوێگەر لە دیدی یاساناسان و دادگا و یاساكانی فەرەنسا و میسر و عێراق و هەرێمی كوردستان چۆن خراوەتەڕوو؟، بەواتایەكی تر، ئایا یاسادانەری عێراق و كوردستان سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكانیان وەكو بەدەركردنێكی ئەم ڕێسایە خستۆتە چوارچێوەیەكی یاساییەوە؟، لەلایەكی دیكەوە ئایا هەڵوێستی یاسا و دادگاكانی فەرەنسا و میسر و عێراق و هەرێمی كوردستان چۆنە لەبارەی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییە نەرێنییەكان؟، ئەمانە و چەند پرسیارێكی تر هەوڵدەدەین لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە وەڵامیان بۆ وەربگرین.

**4.1 میتۆدەكانی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا، لەو پێشكارەنوێیانە دەكۆڵینەوە كە لە ژێر ڕۆشنایی یاسا و ئەحكامە دادوەرییەكانی فەرەنسا و میسر و عێراق و هەرێمی كوردستان هاتوونەتە كایەوە، ئەمەش لە ڕێگای پشت بەستن بە هەردوو میتۆدی شیكاری و بەراوردكاری، چونكە سروشتی ئەم جۆرە توێژینەوەیە وا دەخوازێت سوود لەم جۆرە میتۆدانە وەربگیرێت. میتۆدی شیكاری بۆ شرۆڤەكردنی دید و تێڕوانینەكانی یاساناسان و پوختكردنەوە و دەرهێنانی ئاراستەكانیان سەبارەت بە ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتە یاسایی و دادوەرییە یەک لە دوای یەكەكانی ئەم بوارەدا لە فەرەنسا و میسر و عێراق و هەرێمی كوردستان، ئامانجیشمان لە وەرگرتنی فەرەنسا وەكو سیستەمێكی بەراوردكاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێودانگەی كە یاسای فەرەنسی دادەنرێت بە سەرچاوەیەكی مێژوویی بۆ زۆربەی یاساكانی ئەو وڵاتانەی خاوەن سیستمی لاتینین، بە عێراق و هەرێمی كوردستانیشەوە بەتایبەتی كە سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان لەلایەن ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسا دانراوە و لەوێوە گواسترایەوە بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دیكەی وەكو میسر و جەزائیر ...هتد، بۆیە بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی كە ڕێكخستنێكی یاسایی تەواویان كردووە بۆ سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان، بە تایبەتیش سوود وەرگرتن لە ئەزموونی فەرەنسا لە پێشڤەچوون و پێشكارەنوێیە یاسایی و دادوەرییەكەی و بەراوردكردنی بە هەڵوێستی یاساكانی عێراق و هەرێمی كوردستان.

**5.1 پلانی توێژینەوە**

لە بنەڕەتدا، پلانی توێژینەوەیە پێكدێت لە پێشەكیەک و دوو باس، بە شێوەیەك باسی یەكەمدا تیشک دەخاتە سەر ناساندنی سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان لە ڕێگای دوو تەوەری سەربەخۆدا، ئەویش بە خستنەڕووی هەردوو چەمكی "ڕێسای كاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری كارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی" و، چەمكی "ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە كارگێڕییەكان"، لە تەوەری یەكەمی ئەم باسەدا، ولە تەوەری دووەمیشدا گەنگەشەی ئاراستەكانی هزی یاسایی تایبەت بە ڕاگرتنی جێبەجێكردنی بڕیارە

کارگێڕییە نەرێنییەکان دەکەین، لە باسی دووەمیشدا پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێڕی بەرودکاریدا، دەخەینەڕوو لە ڕێگای تەوەری دوو تەوەری سەربەخۆ، کە تەوەری یەکەم پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێڕی فەرەنسا و میسڕ دەخەینەڕوو، لە تەوەری دووەمیش، پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێڕی عێڕاق و هەرێمی کوردستان دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. توێژینەوەکە کۆتایی دێت بە خستنەڕووی هەندێك دەرەنجام کە لە ئەنجامی توێژینەوەکە پێیان گەیشتوون لەگەڵ ئاراستەکردنی هەندێک ڕاسپارە.

## 2. باسی یەکەم: ناساندنی سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان

یەکێک لە ڕێسا گرنگەکان لە یاسا و دادوەریتی کارگێڕیدا کە لە ئێستادا بناغەیەکی تۆکمەی هەیە لە بەرژەوەندی سەقامگیری مامەڵە کارگێڕییەکان، بریتیە لە ڕێسای"کاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری کارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی"، بەڵام جێبەجێکردنی ڕەهای ئەم ڕێسایە لە هەندێک حاڵەتدا زیان بە تاکەکان دەگەیەنێت، ئەمەش وایکرد کە یاسادانەر و دادوەریتی کارگێڕی بیر لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەو زیانانە بکەنەوە بە دانانی کۆمەڵێک مەرج و ڕێکار کە هاوسەنگی بەرژەوەندییەکانیان لێ بەرهەم بێت. لە میانەی ئەمەوە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەری سەرەکی، کە لە تەوەری یەکەمدا، چەمکی "ڕێسای کاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری کارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی" و چەمکی "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان" دەخەینەڕوو، لە تەوەری دووەمیشدا، گەنگەشەی ئاراستە و بۆچوونی یاساناسانی فەرەنسا و میسڕ و عێڕاق و هەرێمی کوردستان بۆ بابەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە نەرێنییەکان دەکەین.

### 1.2 تەوەری یەکەم: چەمکی ڕێسای کاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری کارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی (الأثر غير الواقف للطعن بالإلغاء في القرار الإداري)

ئاشکرایە کە لایەنی دەسەڵاتی کارگێڕی لە دەرکردنی بڕیارە کارگێڕییەکاندا ئیمتیازێکی گرنگی هەیە لە بەرکاربوونی ئەو جۆرە بڕیارانە ڕاستەوخۆ لە کاتی دەرچوونیان، تەنانەت تانەلێدانیشیان بە هەڵوەشاندنەوە کاریگەری دروستناکات لەسەر بڕیارە کارگێڕییەکە بەگوێرەی ڕێسای کاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری کارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی ( **Le principe de l’absence d’effet suspensif des recours**)، واتە ئەم ڕێسایە بەرهەمی فەلسەفەیەکی مشتومڕاوییە (philosophie contentieuse) بە دروستکردنی ناهاوسەنگییەک کە بۆ قازانج و بەرژەوەندی دەسەڵاتی کارگێڕی بڕیاری لێدراوە(Maxime Lei, 2018, p 904). بە واتایەکی تر، بەشێوەیەکی گشتی وەک بنچینە جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان ڕاناگیرێن و هێزەکەی لەدەست نادات دەرهەق بەوانەی بڕیارەکەیان بۆ دەرچووە، تەنانەت ئەگەر دادخوازی یان داوای یاسایان لەدژ تۆمارکرابێت، ئەمەش پاڵپشت بە قەرینەی ڕەوایەتی یاسایی و گریمانەکردنی دروستی بڕیارەکە تا ئەوکاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێندرێت (الطماوي، 1991، ل ٦١٢؛ هادی، 2017، ل 189).

بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ڕێسایەی سەرەوە بە ڕەهایی، دەبێتە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی تاکەکان ببنە قوربانی ئەو بڕیارە لەکەدارانەی لە ماوەی تانەلێدان بە هەڵوەشاندنەوە جێبەجێ کراون، لەئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەکەدارانەش، چەندین زیانی بۆ کەسانی خاوەن بەرژەوەندی لێدەکەوێتەوە، بەمەش وادەکات هاوسەنگیەکە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی کارگێڕی بشکێتەوە، بۆ هێنانەدی هاوسەنگییش لە نێوان مافەکانی ئەو کەسەی بڕیارەکەی دەرهەق دەرچووە و لەگەڵ مافی لایەنی دەسەڵاتی کارگێڕی، سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی بڕیاری کارگێڕی( Le sursis à exécution d'une administratif décision) هێنرایە کایەوە[١] وەک بەدەرکردنێک لە ڕێسای ناوبراو و ڕاستکردنەوەی ئاراستەکەی(الشيخ، 2006، ل13). بە واتایەکی تر، وەکو ڕێسایەکی گشتی بەرزکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە نابێتە هۆی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە تانەلێدراوەکان، لەسەر بنچینەی ڕێسای کاریگەرنەبوونی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی لەئەنجامی بەرزکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە (الاثر غير الواقف لدعوى الالغاء[٢] ئەمەش لەبەر هەندێک پێودانگ (اعتبار)[3].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بەدەرکردن (استثناء) هەیە لەسەر ئەو ڕێسایە کە یاسادانەر ڕێگا دەدات بە دادگا فەرمان بکات بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری تانەلێدراو، حیکمەتی ئەم بەدەرکردنەش لەوەدایە کە کۆمەڵێک بڕیار هەن جێبەجێکردنیان دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئامانج و مەبەستی داواکاریی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە تانەلێدراوەکە و زیانێکی گەورەی وای لێدەکەوێتەوە کە

ناتوانرێت درکی پێبکرێت پێش ئەوەی دۆسیەکە یەکلابکرێتەوە(محدي و عبيد، 2020، ل 272)، تەنانەت لەوانەیە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووش لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە هیچ جەدوایەکی نەبێت لە ئەگەری سەلماندنی ئەوەی بڕیارەکەی هەڵەیە، بەم شێوەیە بینینی داوای هەڵوەشاندنەوە دەبێتە شتێکی بێسوود و تەنها پرسێکی مەعنەوی تێیدا ئەگەر بڕیارەکەش هەڵوەشێنرێتەوە و لابرێت دەرهەق بە زیانلێکەوتوو، وەک ئەوەی بڕیارێک دەرچوو بێت بۆ رووخاندنی خانوویەکی شوێنەوار (ئەنتیک)، یان بێبەشکردنی خوێندکارێک لە بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکەدا، یاخود ڕێگریکردن لە سەفەرکردنی نەخۆشێک، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، ئەگەر بڕیاری کارگێڕی جێبەجێ بکرێت، ئەوا مەبەستەکانی تەواو بووە و هیچ سودێکی نامێنێت (العاني، 2015، ل 300).

هەربۆیە لە ئەنجامی ئەو لایەنە نەرێنیانەی کە بەهۆی جێبەجێکردنی ڕیسای ڕانەگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی لەئەنجامی بەرزکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە دەکەونەوە، یاسادانەری زۆرێک لە وڵاتان بەدەرکردنێکیان داناوە، ئەمەش بە بڕیاردان لەسەر بەیاساکردنی سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان، لەبەرهەندێک پاساو[٤] کە یەکێکە لە دیارترین کارپێکراوەکانی دادگای کارگێڕی بەپەلە، بەمەش سیستمێکە خۆی بەجۆرێک دەسەپێنێت بۆ ئەوەی واقیعەیەکی باو زاڵ نەبێت لەسەر یاسا.

بە گەڕانەوە بۆ دەقە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە یاسای کارگێڕی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە یاساکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەمك و پێناسەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕیان نەخستۆتەڕوو، بەڵکو ئەرکەکەیان سپاردووە بە دیدو بۆچوونی بیرمەند و یاساناسان و هەوڵ و کۆششی دادگاکان.

بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی[٥] بڕیاری کارگێڕی؛ ڕێکارێکە لەلایەن دادگاوە دەگیرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی دەرەنجامێک کە دواتر ناتوانرێت بهێنرێتە دی، ئەمەش وەك حوکمێکی قەزایی وێنا دەکرێت کە بەبیانووی بابەتی و هۆکاری جدی لەخۆ دەگرێت کە داواکاری داوای ڕاگرتنی جێبەجێکردنەکە پشتی پێدەبەستێت(الحميص، 2019، ل6؛ الراجحي، ٢٠١٣، ل 20).

لەلایەکی دیکە، بەم شێوەیەش پێناسەی بۆ دەکرێت "بریتیە لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی بۆ ماوەیەکی کاتی لە کاتی تانەدان بە هەڵوەشاندنەوەی، ئەگەر داواکار لە تیانووسی داواکەدا داواکارییەکی لەم شێوەیەی پێشکەشکرد، ئەمەش کاتێک مەرجە پێویستەکان بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی هاتنەدی"(احمد، ٢٠٢٢، ل 1635).

ئەمە لە کاتێکدا، یاساناسی میسری دکتۆر (عبدالعزيز خليفة) پێناسەی وەستانی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی دەکات بەوەی؛ بریتییە لە داواکارییەکی بەپەلە کە لەلایەن داواکار (تانەلێدەر) بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕی پێشکەش دەکرێت بەمەبەستی خۆلادان لە کاریگەرییەکانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە کارگێڕییە(خليفة، 2006، ل ١٣).

هەروەك چۆن دادوەر (د. عثمان ياسين علي) پێناسەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو "دەسەلاتێک یان سەلاحیەتێکە کە بەهۆیەوە دادوەری کارگێڕی دەتوانێت حوکم بدات بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی لەکاتی تانەدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەگەر سکاڵاکار لە تیانوسی داواکارییەکەدا داوای ئەوە بکات، کاتێک مەرجە ڕوڵەتی و بابەتیەکانی پێویست بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی تیدا بێت"( علي، 2020، ل ١٥). لە دیدی ئێمەوە، ئەم پێناسەیەی کۆتایی تێگەیشتنێکی گشتگیر و وردی سەبارەت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی خستۆتەڕوو.

**2.2 تەوەری دووەم: ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕیە نەرێنییەکان**

بە گوێرەی بنەما گشتییەکانی یاسای کارگێڕی، بڕیارە کارگێڕییەکان وەك کارێکی یاسایی پۆلێن دەکرێن بۆ چەند جۆر و شێوەی جیاواز(6)، لە گرنگترین ئەو بڕیارانەش کە پەیوەندیدارە بە بابەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بریتیە لەو بڕیارە کارگێڕییانەی کە دەسەلاتی کارگێڕی بەهۆیەوە گوزارشت لە ئیرادەی خۆی دەکات و دابەشدەبن بۆ بڕیارە ئەرێنییەکان (القرارات الايجابية) و بڕیارە نەرێنیەکان (القرارات السلبية). یاساناسانی بواری یاسای کارگێری کۆکن لەسەر ئەوەی کە دادگای کارگێڕی بەپەلە بۆی هەیە فەرمان ئاراستەی لایەنی کارگێری بکات بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە ئەرێنیەکان(7)، چونکە ئەم بڕیارانە بە ئەسڵ دادەنرێت بۆ ئەم سیستەمە، بەجۆرێک ڕاشکاوانە گوزارشتیان لێدەکرێت و بەزۆریش بە نوسین دەردەکرێن کاتێک دەسەلاتی کارگێڕی مەبەستی بێت ئاسەواری یاسایی بخاتەوە، بەڵام سەبارەت بە بڕیارە کارگێڕیە نەرێنییەکان( Le sursis à exécution d'une administratif décision négative)، کۆدەنگ نین و ڕاجیایی و مشتومڕێکی فراوان هەیە

لەنێوانیان، بەشێوەیەک بەشێک لە یاساناسان دژی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕیە نەرێنیەکانن و چوارچێوەکەیان بەرتەسک کردووە، بۆ ئەمەش پشت دەبەستن بە کۆمەڵێک پاساو و بەڵگەی لۆژیکی[8] و بەڵگەی یاسایی[9] و بەڵگەی کرداریی[10]، بەشێوەیەک ئەمانە زیاتر کاریگەری هەڵوێستە کۆن و سەرەتاییەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسییان لەسەرە کە لەسەر دوو پرەنسیپ بنیادنرابوو؛ یەکەمیان وەستاوە لەسەر پرەنسیپی بڕیاری کارگێڕی جێبەجێکراو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سیفەتی جێبەجێکردن بنچینەی یاسای گشتییە، بەجۆرێک رەتکردنەوەکە گۆڕانکاری لە پێگەی یاسایی نیشان نادات، بۆیە هیچ ناگۆڕێت و سیفەتی جێبەجێکردنی نییە، واتە خۆی لەخۆیدا جێبەجێ نەکراوە، کەواتە چۆن دەتوانرێت جێبەجێکردنەکەی ڕابگیرێت بە داواکاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکە. پرەنسیپی دووەمیش لەسەر ئەو چەمکە دامەزراوە کە دادوەری کارگێڕی دەسەڵاتی ئەوەی نییە بڕیاری کارگێڕی بدات یان ڕێنمایی بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی دەربکات، هەروەها ئەم دوو بنەمایە کارپێکردنی گشتییان هەیە، چونکە بە واتای پابەندکردنی دەسەڵاتی کارگێڕییە بەگرتنەبەری بڕیارێکی پێچەوانەی بڕیارە نەرێنییەکەیە (الحمود، 2021، ل 18،17).

لە کاتێکدا هەندێکی تر لە یاساناسان لەگەڵ ئەو ئاراستە کلاسیکیەی ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنسی نین و وەڵامی پاساوەکانی نەیارانی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی دەدەنەوە، بەشێوەیەک پێیان وایە کە هیچ دەقێکی یاسایی نیە ئەوە دیاری بکەن کە ئەو دەقانەی بابەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی ڕێکدەخەن تەنها پەیوەندیدار بن بە بڕیارە کارگێرییە ئەرێنییەکان یاخود بەشێوەیەکی ڕاشکاو ڕێگە بگرێت لە دادوەری کارگێری فەرمان بدات بە دەسەڵاتی کارگێری (احمد، ٢٠٢٢، ل 1658). واتە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی؛ بەمانای ئاراستەکردنی فەرمانەکان بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی دێت تاوەکو ناچاری بکات ئەو کارە بکات کە رەتیکردۆتەوە یان خۆی لێی بەدوور گرتووە، دەبێتە هۆی سەرپێچیکردن لە تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی، ئەوا بیانوەکانی ئەم تێڕوانینە پاساو و ئارگیومێنتێکی لاوازن، چونکە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەرێنییش بەهەمان شێوە بە واتای فەرمانێک دێت بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ هەمووارکردنەوەی ئەوەی کە خۆی لێی بەدوور گرتووە، بەشێوەیەک لە هەردوو حاڵەتەکەدا ــ نەرێنی بێت یان ئەرێنی ــ فەرمانێک هەیە بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی، بەڵکو بگرە لە بڕیارە ئەرێنیەکە توندتریشە، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری دادوەری لە ڕەوایەتی یاسایی بڕیارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی و، لەنێوانیشیدا دەسەڵاتی ڕاگرتنی جێبەجێکردن، ناتوانرێت بە دەستێوەردان لەلایەن دادوەری کارگێڕییەوە لە کارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی هەژمار بکرێت، ئەگەرنا، چاودێری ڕەوایەتی یاسایی (الرقابة المشروعية) لەلایەك و ڕۆڵی دادوەری کارگێڕی لەلایەکی تر وندەبێت، چونکە دەسەڵاتی دادوەر لە ڕاگرتنی جێبەجێکردن دەبێتە هۆی هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی دەسەڵاتی کارگێڕی و بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا جا بڕیارەکە ئەرێنی بێت یان نەرێنی(عبدالله، 2018، ل 262،261)، بۆیە دەکرێت دەقەکانی پەیوەندیدار بە ڕاگرتنی جێبەجێکردن وا لێکبدرێتەوە کە بڕیارە نەرێنییەکانیش دەگرێتەوە، بەو پێیەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری نەرێنی دەتوانرێت بە شێوەیەک ڕێکبخرێت کە ڕێز لە پرەنسیپی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بگرێت، و گەرەنتی و دەستەبەری ڕێزگرتن لە ئازادی کارکردنی دەسەڵاتی کارگێڕیش بکات و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە مافەکانی تاک و داواکارییەکانی هەڵوەشاندنەوە بکات کە بێگومان دەبێت سوودی هەبێت بۆ کەسی داواکار(احمد، ٢٠٢٢، ل 1658).

لەلایەکی دیکەوە ئەم مشتومڕەی لەسەر بابەتی "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری نەرێنی" لە فەرەنسا هەبوو لە لایەن بەشێك لە یاساناسانی میسرڕیش خرایە بەرباسی توێژینەوە زانستییەکانیان، لە ڕەوانگەوە ئەوانەوە، ئەم باسە جێگای مشتومڕێکی ورد و قوڵە، چونکە پێدانی مافێک بە تانەلێدەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بە داواکردنی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی و، دەرکردنی حوکمێکیش بە ڕاگرتنی جێبەجێکردن بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی دادوەری فەرمانی ئاراستەی دەسەڵاتی کارگێڕی تایبەتمەندکردووە بە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو، بەم شێوەیەش دەکرێت بڵێین جێگەی دەسەڵاتی کارگێری گرتۆتەوە. لێرەدا ئەگەر بڕیاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بە کاتی (الموقت) وەسف بکرێت و لقێک بێت لە داوا بابەتییەکە کە داواکاری هەڵوەشاندنەوەیە. ئایا بارودۆخەکە چۆن دەبێت ئەگەر دواتر حوکمێک لەسەر ئەو بابەتە دەرکرا بە ڕەتکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوە دوای ئەوەی دادگا بڕیاری دابوو بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری نەرێنی؟((خلیفة، 2006، ل 61؛ بسیوني عبدالله، 2006، ل 66).

لە ڕاستیدا وەڵامێکی یەکلاکەرەوە و ڕوون بۆ ئەم پرسیارانە زۆر قورسە، ئەگەر ئەستەم نەبێت، هەر بۆیە یاساناسانی میسر لە توێژینەوەکانیان بە وردی نەچوونەتە ناو ئەم بابەتە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە بۆچوونی بەشێکی زۆر لە یاساناسە کارگێڕییەکانی میسردا (عبدلوهاب، 2006، ل٩٩. فهمي و الحلو، 2005، ل٢٩٥؛ عبدالباسط، 2007، ل٢٣١؛ خليفة, 2006، ل60_61) کۆکن لەسەر ڕێگەپێدانی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە نەرێنییەکان و، دەشڵێن هیچ جیاوازییەک لە نێوان بڕیاری ئەرێنی و نەرێنیدا نییە، بەشێوەیەک بۆ جێبەجێکردنی داواکردنی ڕاگرتنی بڕیارە نەرێنییەکان، ئەوەی کە هەریەکە لە مەرجە بابەتییەکانی وەکو مەرجی بەپەلەیی و، جددیەتی داواکارییەکە، هاتبنەدی، پاساوەکەشیان ئەوەیە کە عیبرەت لەو دەرئەنجامانەیە کە لە بڕیارە نەرێنییەکە دەکەوێتەوە، واتە دادوەری کارگێڕی بەپەلە دەبێت هەڵسەنگاندن بکات لە بوونی ئەم مەرجانە لەڕووی کەوتنەوەی ئەو دەرئەنجامانەی کە ناتوانرێت درکی پێبکرێت (الراجحي، ٢٠١٣، ل 23)[11] .

ئەوەی تایبەتە بە هەڵوێستی شارەزایانی بواری یاسای کارگێڕی لە عێراق و کوردستان، سەبارەت بە داوا و بابەتی "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕیە ئەرێنی و نەرێنییەکان"، ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ئەم پرسە نەبووەتە پرسێکی جێباسی مشتومڕی ورد و نەخراوەتە ژێر نەشتەری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا ڕێکخستنێکی یاسایی ڕوون و وورد بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان نەکراوە، بۆیە زیاتر تەرکیزیان کردۆتەسەر دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی، بەتایبەت دانانی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکارەکان یاخود دادبینیە کارگێڕییەکان بەهۆی بوونی جیاوازی لە نێوان ناکۆکییە کارگێڕیی و شارستانییەکان، کە لەناوییدا بابەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان و لایەنی تایبەتمەند بە بینینی ئەو داوایانە دەستنیشان بکرێت (راضي، رووف و سعيد، 2020، ل 229_230؛ محدي و عبيد، 2020، ل 227؛ العاني، ٢٠١٥، 304_305؛ السوداني. ٢٠٢١، ل291_314؛ جانكير، 2020، ل 94_116).

### 3.2 باسی دووەم: پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێڕیدا

دوای ئەوەی لە باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا، چەمکی "ڕێسای کاریگەری ڕانەگرتنی بڕیاری کارگێڕی بە تانەدان لە هەڵوەشاندنەوەی" و "سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان"مان خستەڕوو، لەگەڵێشیدا تاوتوێی ئاراستە کۆن و نوێیەکانی هزری یاسایی لە هەمبەر سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان و پاساوەکانی بە یاساییکردنی ئەم سیستەمە وەکو بەدەرکردنێک لە ڕێسای ناوبراو، هەروەها ڕەوایی نەبوون و ئەستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە نەرێنییەکانمان کرد، دەرکەوت کە زۆرینەی ئاراستە نوێیەکان لەنێو یاساناسانی فەرەنسا و میسر و عێراق و هەرێمی کوردستان کۆکن و ئاماژە دەکەن بە بینینی ئەو داوا بەپەلانەی بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بەرز دەکرێنەوە جا چ بڕیارەکە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی.

لەم باسەشدا، پێویست دەکات هەڵوێستی یاسا و دادگای کارگێڕی لە فەرەنسا و میسر پاشان عێراق و هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە ئەرێنی و نەرێنییەکان لە ڕێگای دوو تەوەری سەربەخۆدا بخەینەڕوو، کە لە تەوەری یەکەم پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێڕی فەرەنسا و میسر لەخۆ دەگرێت. دواتر لە تەوەری دووەمدا، تیشک دەخەینەسەر ئەو پێشکارەنوێیانەی کە لە یاسا و دادگای کارگێڕی عێراق و هەرێمی کوردستان هاتوونەتەکایەوە.

#### 1.3.2 تەوەری یەکەم: پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێڕی وڵاتانی بەراوردکاریی

#### 1.1.3.2 هەڵوێستی یاسا و دادگای کارگێڕی فەرەنسا

لە فەرەنسا بەهۆی کاریگەری ئەم بوچوونانەی کە لەپێشەکی ئەم تەوەرەدا خستمانەڕوو پێشڤەچونێک لە هەڵوێستی دادگای فەرەنسا لەم بارەیەوە هاتەکایەوە، بە دیاریکراوی لە بڕیاری بەناوبانگ ( Le fameux arrêt Rousset) لە ڕێکەوتی 13ی ئایاری 1949 کە تایبەت بوو بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارێک کە لەلایەن سەندیکای پزیشکی لە بۆردۆ دەرچووە، و تێیدا ڕەتیکردەوە پزیشکی نەشتەرگەری لە شارەکەدا تۆمار بکات چونکە گرێبەستی لەگەڵ کلینیکێکی پزیشکی هاوبەش لە شارەکەدا کردووە، بە کرێیەکی کەمتر لەوەی سەندیکایەکە مەزەندەی کردووە، پاساوی ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنسی بۆ بڕیارەکەی ئەوەیە ئەم بڕیارەی سەندیکا دەبێتە هۆی تێکچوونی کلینیکی پزیشکی(بسيوني عبدالله، 2006، ل 52)[12].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئاراستەی لەم بڕیارەی ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنسی کەوتەوە، هێشتاش بەتەواوی پشتڕاست نەکرایەوە لە بڕیارەکانی دواتری ئەنجومەنی دەوڵەت، بەڵکوو بووە دادوەرییەکی جێهێڵراو (قضاء مهجور)، ئەمەش دوای ئەوەی ئەنجوومەنەکە بڕیارێکی دیکەی دەرکرد و ئەوەی ڕەتکردەوە کە جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە نەرێنییەکان ڕابگیرێن. هەروەک لە کەیسی بەناوبانگی (Amoros) و لە ڕێکەوتی ١٩٧٠/١/٢٣ حوکمێکی دەرکرد، تیایدا ئەوەی خستەڕوو کە؛ "ڕاگرتنی جێبەجێکردن ناتوانرێت حوکمی پێبکرێت تەنها لە ئاراستەی بڕیارە جێبەجێکارییەکان نەبێت. بەڵام بڕیارە نەرێنییەکان، ناتوانرێت ڕابگیرێن تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە دەبنە هۆکار بۆ هەمووارکردنی پێگەی یاسایی و واقیعی لایەنە پەیوەندیدارەکە و، بەبێ بوونی ئەمەش "ڕاگرتنی جێبەجێکردن" بە ئاراستەکردنی فەرمانێک بۆ لایەنی دەسەڵاتی کارگێڕی دادەنرێت ( CE, ass., 23 janv. 1970, req. n° 77861, *Ministre d'*État chargé des affaires sociales c/ Amoros, préc, (Maxime Lei, 2018, p 904.[13]

ئەم ئاراستەی ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنسی بەردەوام بوو تا یاسادانەری فەرەنسی یاسای ژمارە (١٢٥) لە بەرواری ١٩٩٥/٢/٨ دەرکرد و بە شێوەیەکی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ئاڕاستەکردنی فەرمانی بۆ لایەنی کارگێڕی بە دادوەریی کارگێڕی بەخشی، بەم شێوەیەش ئەو پاساوەی ڕێگەی دەگرت لە دادگا بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە نەرێنییەکان، واتە قەدەغەکردنی ئاراستەکردنی فەرمان بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی کە ئەنجوومەنی دەوڵەت پشتی پێدەبەست نەماوە، بەو مانایەی بەگوێرەی ئەم یاسایە هەرکاتێک مەرجەکانی ڕاگرتنی بڕیاری کارگێڕی تانەلێگیراو بە هەڵوەشاندنەوە هاتنە دی، دەتوانرێت فەرمان بکرێت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردن جا بڕیارەکە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی.

لە کۆتاییشدا یاسادانەری فەرەنسا لە یاسای دادپەروەری کارگێڕی ( Code de justice administrative) دا، واتە یاسای نوێ بۆ دادپەروەری کارگێڕی ژمارە 2000/597 لە ڕێکەوتی 2000/6/30 بابەتی دادگای بەپەلە و ڕاگرتنی (القضاء المستعجل والوقف) لە ماددەی (L.521.1) دا ڕێکخستووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو بڕیارە کارگێڕییە ئەرێنی و نەرێنییەکان. بەشێوەیەک لەگەڵ دەرچوونی ئەم یاسا نوێیە، هەڵوێستی دادگای کارگێڕی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بە بینینی ئەو داوا بەپەلانەی کە بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نەرێنییانەکان بەرزدەکرێنەوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئەو کەسەی مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتی کارگێڕیدا دەکات، بەشێوەیەک دەکرێت دادگاکان ڕێوشوێن بگرنەبەر بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاسا و ئەحکامەکانی دادوەری کارگێڕی، بۆیە ئەم پرەنسیپە پشتگوێ خرا کە بڕیاریدابوو "بڕیارە نەرێنییەکان" ناتوانرێت ڕابگیرێن، چونکە دادوەر لە هەریەکە لە داواکانی ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوە بە قووڵی لە بابەتەکە دەکۆڵێتەوە، و دادوەر پێش ئەوەی بڕیار لەسەر بابەتە بدات و یەکلایکاتەوە ئەوا بە سەربەخۆییش حوکم دەدات بە ڕاگرتنی بڕیارەکە[14].

بەم شێوەیە، دەکرێت بڵێین ئەم ئاراستەی دادگای کارگێڕی فەرەنسا بە وەچەرخانێکی گرنگ و پڕ بایەخ دادەنرێت لە هەوڵدانی بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان مافی دەوڵەت و بەرژەوەندی گشتی و مافی تاك و بەرژەوەندییەکانیان، ئەمەش بە دیاریکراوی لەو کەیسانە بەدیاردەکەون کە پێویستیان بە پاراستنێکی بە پەلە و خێرا هەیە لە ئەگەری جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆی بڕیارە کارگێڕییەکان. ئەمەش لە ئەحکام و کارپێکردنە دادوەرییە نوێیەکانی ئەنجوومەنی دەوڵەتی فەرەنسی بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، هەروەك لە حوکمێکی نوێدا کە تایبەتە بە وەستانی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی لەبارەی مۆڵەتی بیناسازی لە ڕێکەوتی 2016/10/7 کە لە ناوەڕۆکی حوکمەکەدا هاتووە، کۆمپانیای (First Invest) داواکاری دەرهێنانی مۆڵەتی بیناسازی پێشکەش بە پارێزگاری شاری بۆردۆ کردبوو، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕی داواکەی ڕەتدەکرێتەوە، بۆیە کۆمپانیا لەبەردەم دادگای کارگێڕی بۆردۆ داوای وەستان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی کردبوو، دادوەری تایبەت بە کەیسەکانی بەپەلە، سەیری بەشێکی داواکەی کرد کە داوای بەپەلەی لەخۆ دەگرت، واتە ڕەگەزی بەپەلەیی لەخۆ دەگرت، بۆیە بڕیاریدا بە ڕاگرتنی بڕیاری تانەلێدراو. بەرمبنای ئەم بڕیارەی دادگا، شارەوانی شاری بۆردۆ بڕیاری پێدانی مۆڵەتی بیناسازی بۆ کۆمپانیای ناوبراو دەرکرد ( Conseil d'État, Section, 07/10/2016, 395211, Publié au recueil Lebon : https://www.legifrance.gouv.fr/ceta/id/CETATEXT000033222584/).

لە حوکمێکی دیکەی هەمان ساڵدا، دادگا بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکی شارەوانی Beaulieu بە ڕەتکردنەوەی دروستکردنی کارگەیەکی ناوخۆیی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەکرێت ئەو بڕیارانەی کە بەگوێرەی ماددەی L. 600-2 لە یاسای پلاندانانی شارۆچکەکان دەردەچن ڕێکارەکانیان ڕابگیرێن، بەشێوەیەک دامەزراوەکانی کارگەکە و سروشتی ئەو کارەکانی ئەنجامیان دەدات زیان و کاریگەری نیە لەسەر ژینگە بەپێی ئەوەی سەلمێنراوە لە توێژینەوە ژینگەییەکان، بۆیە سەرۆکی شارەوانی Beaulieu پشتی بە بیانوویەکی یاسای نەبەستووە بۆ بڕیارە کارگێڕییە نەرێنەیەکەی بە ڕەتکردنەوەی ڕێگەپێدان بە دەرکردنی مۆڵەتی بیناسازی کارگەکە( Conseil d'État, 1ère - 6ème SSR, 09/03/2016, 383060, Publié au recueil Lebon: https://www.legifrance.gouv.fr/ceta/id/CETATEXT000032188976/ ). لەم حوکمانە و چەندان حوکمی نوێتری دادگای کارگێڕی فەرەنسی-ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دادگا جیاوازی ناکات لە نێوان بڕیارە کارگێڕییە نەرێنی و ئەرێنییەکان بۆ وەستاندنی جێبەجێکردنیان کاتێک مەرجەکانی پێویستبوونی وەستاندنی تیادا فەراهەم بن.

**2.1.3.2 هەڵوێستی یاسا و دادگای کارگێڕی میسر**

یاسادانەری میسر مافی داواکردنی "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان" بەخشیوە بە تاکەکان تا ئەوکاتەی داوای هەڵوەشاندنەوەکە یەکلا دەبێتەوە، هەر وەک لە ماددەی ٤٩ یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت ژمارە 47ی ساڵی 1972دا، یاسادانەری میسری ڕێگەی داوە بە دەسەڵاتی دادوەریی تا فەرمان بدات بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان ئەگەرهاتوو تانەلێدەر لە تیانووسی داواکەیدا داوای کردبوو، هەروەها دادگاش بڕوای وابوو ئەنجامەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەستەم بێت دڕکی پێبکرێت.

لەسەر ئەو بنەمایەش دادگای باڵای کارگێڕی لە میسر لە حوکمێکیدا دەڵێت "بەو پێیەی خۆگرتنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی بڕیارێکی نەرێنی پێکدەهێنێت و شیاوی تانەلێدان دەبێت بە هەڵوەشاندنەوە، بۆیە ئەو داوایەی تۆماردەکرێت بەداواکاری حوکم دان بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و دواتر هەڵوەشاندنەوەی، قبوڵکراو" (دادگای باڵای کارگێڕی، تانەی ژ 906ی ساڵی 27ق، دانیشتنی 1985/6/15ز. خليفة , 2006، ل٦٠).

لە بڕیارێکی نوێی هەمان دادگا لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢٨، هەمان ناوەڕۆکی دووپات کردۆتەوە کە لە بەشێکیدا دەڵێت " بڕیاری ئەم دادگایە لەسەر ئەوە دەڕوات کە ویلایەتی ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە نەرێنییەکان لە ویلایەتی هەڵوەشاندنەوەکەی وەرگیراوە و لقێکە لێی و، ئەوەش بەهۆی ئەو چاودێرییە یاساییەی دەسەڵاتی دادوەری هەیەتی بەسەر بڕیاری کارگێڕیدا لەسەر بنچینەی هاوسەنگکردنی لە تەرازووی یاسادا و بە هاوسەنگییەک کە مەناتەکەی پرەنسیپی مەشروعیەتە، وەک چۆن دادوەری کارگێڕی نابێت بڕیارێکی کارگێڕی ڕابگرێت بەپێی ماددەی ٤٩ی یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت کە بە یاسای ژمارە ٤٧ی ساڵی ١٩٧٢ ڕاگەیەندراوە مەگەر لە ڕواڵەتی تیانووسەکانیەوە بۆی دەرکەوێت، و بەبێ ئەوەی زیان بە سەرچاوە و بنەچەی ئەو مافە بگەینێت، داواکاری بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردن دەبێ دوو پایەی سەرەکی هەبن بۆی: یەکەمیان پایەی جدديە، ........ دووەمیان پایەی بەپەلەیە ....."(بڕیاری دادگای باڵای کارگێڕی، تانەی ژ 2324ی ساڵی 51ق، دانیشتنی 2018/10/28ز. سلیمان، 2022، ل 1985).

هەر لە چوارچێوەی ئەم پرسەدا و لە نوێترین بڕیاری خۆیدا، دادگای باڵای کارگێڕی میسر بە کۆدەنگی ئەنجوومەنی دەوڵەت بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی ئەو تانانەی کە (زانکۆی دمنهور) لە دژی یاریدەدەرێکی وانەوتنەوە (المعيدة: غ.ع) تۆماری کردبوو، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی ئەو بڕیارەی کە لەلایەن دادگای کارگێڕی ئەسکەندەریە دەرچووە، بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە نەرێنیەکەی سەرۆکی زانکۆی دمنهور بە خۆگرتنەوەی لە ڕەزامەندیدان لەسەر داواکاری داواکار بۆ تۆمارکردنی بڕوانامەی دکتۆرا لە هەمان پسپۆڕی فیزیای دۆخی ڕەق لە فاکەڵتی زانستی زانکۆی ئەسکەندەریە بەهۆی نەبوونی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەر لە پسپۆڕییەکەیدا لە فاکەڵتی زانستی زانکۆی دمنهور، بۆیە ئەو شوێنەوارەی کە لەمەوە کەوتەوە، دیارترینیان بریتی بوو لە پابەندبوونی زانکۆی دمنهور بۆ جێبەجێکردنی کاریگەری یاسایی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر کە بۆ ماوەی ساڵێک و نیو هەڵپەسێردراوە لەلایان، وە پابەندکردنی بە ڕەزامەندی دان لەسەر داواکارییەکەی بۆ تۆمارکردنی بڕوانامەی دکتۆرا لە فاکەڵتی زانست لە زانکۆی ئەسکەندەریە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی تاکە پرۆفیسۆری خۆتەرخانکەر (المتفرغ) لە زانکۆی دمنهور، و ناچارکردنی لەسەر دەستبەرداربوون و وازهێنانی هەر بابەتێکی زانستی کە پەیوەندی بە داواکارەوە

هەبێت بەبوونی دژبەرایەتی (خصومە) لە نێوان ئەو و ئەمدا، کە بە روونی پێدەچوو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بێت کە پێچەوانەی بنەماکانی دادپەروەری و گەرەنتیەکانی توێژینەوەی زانستیە کە دەبێ ئەو کەسەی بابەتەکانی کاروباری زانستی هەڵدەسەنگێنێت دەبێت دوور و داماڵراو بێت لە خەوشەکانی مەیل یان گومانی لایەنگری، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئازادی توێژینەوەی زانستی مافێکی دەستوورییە بۆ توێژەران، بۆیە دادگا فەرمانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەیدا بە ڕەشنووسەکەشەوە، زانکۆکەشی پابەند کردووە بە خەرجییەکانی(بڕیاری دادگای باڵای کارگێری میسر، تانەی ژ (.....)ی ساڵی 55ق، دانیشتنی 2022/4/9..:

(https://gate.ahram.org.eg/News/3479309.aspx).

لەم بڕیارە نوێ و بوێرەی دادگای کارگێری میسر، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دادگای کارگێری بەگشتی و دادگای کارگێری بەپەلە بەتایبەتی بەپەرۆشن لە هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان و پارێزگاری کردن لە مافێکی دەستووری مامۆستاییەکی زانکۆ لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژیانەی دەسەڵاتی کارگێری دەیکاتە سەر مافێکی دەستووری، بەشێوەیەک ئەوە دەردەخات کە سەرۆکی زانکۆی ناوبراو بە سیفەتی ئەوەی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی کارگێری دەکات هەوڵیداوە دەسەڵاتەکەی خراپ بەکاربهێنێت کە بۆماوەی ساڵ و نیوێک کەسی داواکاری (المدعية) بێبەش کردووە لە بەرزکردنەوەی پلەکەی و دانانی وەکو ماموستای یاریدەدەر؛ دوای ئەوەی بروانامەی ماستەری بە پلەی نایاب لە پسپۆرییەکی زانستی دەگمەنی "فیزیای ڕەق" بە ماندووبونێکی زۆر بەدەست هێناوە، بەهەمان شێوە ڕێگری کردووە لە تۆمارکردنی بە بروانامەی دکتۆرا، ئەمەش بە بێبەشکردنی لە مافێکی دەستووری خۆی بۆ توێژینەوەی زانستی و تەواوکردنی خوێندنی باڵا بەهۆی سێبەری ئەو دژایەتییەی کە لەگەڵ داواکار هەیبووە، هەربۆیە دادگای کارگێری میسر لەو بڕیارەیدا مەبەستی بووە دادپەروەری بچەسپێنێت و هەوڵی گەڕانەوەی هاوسەنگی بدات ئەویش لەلایەک بە پابەندکردنی زانکۆی دمنهور بۆ جێبەجێکردنی کاریگەری یاسایی بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر کە بۆ ماوەی ساڵێک و نیو هەڵپەسێردراوە لەلایان، وە لەلایەکی دیکە پابەندکردنی بە ڕەزامەندی دان لەسەر داواکارییەکەی بۆ تۆمارکردنی بروانامەی دکتۆرا لە فاکەڵتی زانست لە زانکۆی ئەسکەندەریە، کە ئاشکرایە ئەم کەیسانە بابەتی بەپەلەن پێویست دەکات دادگا بەزوویی یەکلاییان بکاتەوە و ئەویش لەبەر پەرۆشی بۆ داهاتووی زانستی داواکار.

**2.3.2 تەوەری دووەم: پێشکارەنوێیەکانی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێرییەکان لە ڕوانگەی یاسا و دادگای کارگێری عێراق و هەرێمی کوردستان**

سەبارەت بە هەڵوێستی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەگەڕانەوە بۆ یاسای ئەنجوومەنی دەوڵەتی عێراق ژمارە (٧١) ساڵی ٢٠١٧ و یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨ بۆمان دەردەکەوێت کە لە هیچ بڕگەو ماددەی یاساکانیاندا، ئاماژەیان نەکردووە بە تایبەتمەندی دادگای کارگێری بۆ بینینی داوا بەپەلەکان لە نێویشیاندا داوای "ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی بڕیارە کارگێرییەکان"، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ یاسای دادبینی شارستانی عێراقی ژمارە (83) ساڵی ١٩٦٩ کە بە سەرچاوەی ڕێکارەکانی داوای کارگێڕیی هەژمار دەکرێت، لە ماددە (٢٩)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە دادگای شارستانی (مەدەنی) ویلایەتی گشتی هەیە بەسەر کەسە سروشتی و مەعنەوییەکان و تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی تەواوی ناکۆکییەکان جا چ ناکۆکی بابەتی بێت یاخود کاتی تەنها ئەوانە نەبێت کە بە دەقێکی تایبەت بەدەرکراون (استثناء)[15]. هەربۆیە یەکێک لەو داوا بەپەلانەی کە بەدەرکراون لە ویلایەتی دادگای شارستانی بریتیە لە "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێرییەکان"، بەشێوەیەک ئەو کاروبارە بەپەلانەی کە پەیوەندیدارن بە یاسای ڕاژەی شارستانی و فەرمان و بڕیارە کارگێرییەکان، دەچێتە ناو تایبەتمەندی دادگای قەزای فەرمانبەران و دادگای قەزای کارگێری لە عێراق و دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم و دادگا کارگێرییەکان لە هەرێمی کوردستان[16].

لە لایەکی دیکە لەڕووی تایبەتمەندی جۆرییەوە (النوعي)، بە شرۆڤەکردن و وردبوونەوە لە ماددەی (141) یاسای دادبینیە شارستانییەکانی عێراق، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دادگای بەرایی تایبەتمەندە بە سەیرکردنی ئەو بابەتە بەپەلانەی کە ترسی لەدەستچوونی کاتیان لێدەکرێت کە ئەمەش بنچینەیەکی ئەصل و گشتییە بۆ داوا بەپەلەکان، کاتێك دادگای بابەت سەیری ئەم کەیسە بەپەلانە دەکات بەڕێگای پاشکۆ (التبعية)ی داوا بابەتییەکە، لێرەدا دادگای بابەتیش بریتییە لە هەریەکە لە دادگای قەزای فەرمانبەران و دادگای قەزای کارگێری لە

عێراق و دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم و دادگا کارگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستان.

بەم شێوەیەش کاتێک بڕیارێکی کارگێڕی ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە یان ڕاگرتنی جێبەجێکردن دەبێتەوە یاخود ئەو بڕیارە پێشێلکارییە دژ بە یاسا و ڕێنمایی، ئەوا پاڵپشت بە دەقەکانی یاسا، دادگا کارگێڕییەکانی ناوبراو تایبەتمەند دەبن هەم بە بابەتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە کارگێڕییەکان و هەمیش بەو مەترسیانەی کە بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەکەونەوە. هەر بۆیە لەڕوانگەی یاساییەوە، هیچ ڕێگرییەک نییە لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی تانەلێدراو ئەگەرهاتوو مەرجە بابەتی و شکڵییەکانی بەردەستبوون.

سەبارەت بە هەڵوێستی دادگاکانی عێراقیش، بە گەڕانەوە بۆ کارپێکراوە دادوەرییەکانی دادگای کارگێڕی، بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزو نزمییەک لە هەڵوێستە سەرەتاییەکانی بەدیدەکرێت ئەویش دوای ئەوەی لە دادگای قەزای کارگێڕی لە بڕیارێکیدا لە 1996/22/7 دەرچووە، هەوڵیداوە کە چارەسەری ئەم کەموکوڕییە یاساییە بکات کە لە یاسای ئەنجوومەنی دەوڵەت هەبوو، کاتێک بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری چۆڵکردنی (دار سەدر) لە یەکێک لە فەرمانگەکان تاوەکو دۆسیەکە یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام دواتر هەمان دادگا بڕیاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی هەمواکردەوە و بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ئاگادارکردەوە بۆ بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی بڕیاری چۆڵکردنەکە، هەروەک دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتیش لە حوکمێکی بە ژمارە (35/ کارگێڕی/پێداچوونەوە) لە ڕێکەوتی 31/7/1996 پشتگیری لەم بڕیارەی هەموارکردنەوەکە کرد(مهدي و عبيد، 2020، ل 274؛ العاني، ٢٠١٥، 304).

بەڵام دواتر بە دیاریکراوی لەو چەند ساڵانەی دواییدا، دادگای کارگێڕی لە عێراق بە هەردوو باڵەکەیەوە (دادگای قەزای کارگێڕی و دادگای قەزای فەرمانبەران) ژمارەیەک فەرمانیان دەرکردووە بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان، بۆیە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕاستە ڕێکخستنێکی یاسایی ڕوون بۆ ئەم بابەت نەکراوە، بەڵام هەردوو دادگایەکە پراکتیزەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان دەکەن، جا بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە بڕیارەکە ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت، هەروەک ئەنجوومەنی دەوڵەتی عێراق لە هەندێک لە حوکمەکانیدا بڕیاری داوە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان، لەوانەش بڕیارێکی دادگای قەزای فەرمانبەران لە یەکێک لە کەیسە دیار و بەناوبانگەکانیدا، کە بە کێشەی (سکرتێری گشتی ئەنجومەنی دەوڵەت) ناسرابوو، لە کەیسەکەدا وەزیری داد بڕیاری دابوو بە گواستنەوەی راژەی سکرتێری ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ فەرمانگەی چاکسازی عیراقی ئەوەش لە بەر کوسپ و تەگەرە دروستکردن بۆ ئەو ڕێککارانەی گیرابوونە بەر لە چوارچێوەی دەرچوونی یاسای ئەنجوومەنی دەوڵەت بەو پێودانگەی کە دەستەیەکی سەربەخۆیە، ئەوەبوو دادگای قەزای فەرمانبەران بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی وەزاری تانە لێدراو" (فەرمانی ولائی ژمارە (١١١٩) ی دەرچوو لە ڕێکەوتی 2017/5/30 لە داوای 1215/م/2017. راضي، رووف و سعيد، 2020، 229__230).

لە لایەکی دیکەوە، دادگای قەزای کارگێڕی لە ڕێگای فەرمانێکی سالاری (ولائي) بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی دیوانی کە تیایدا هاتووە: (......، سەبارەت بە ڕاگرتنی ڕێکارەکانی پەیوەست بە فەرمانی دیوانی ژمارە (286) لە 2018/8/30، کە بریتیە لە لێخۆشبوونی لە ئەرکەکانی وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و سەرۆکایەتی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و لەبەر ئەوەی هۆکاری جددی هەیە کە پێویستی بە ڕەچاوکردنی داواکارییەکەی داواکار هەیە و وە ئیمکان نەبوونی هەستکردن ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بڕیاری تانەلێگیراو دەکەونەوە، بەو پێیەی داواکار بەرپرسیارە لە ژمارەیەک دەزگای ئەمنی کە تێیدا جێهێشتنی بەرپرسیارێتیەکەی دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ئەم دەزگایانە لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخی ئەمنی و هەڕەشە تیرۆریستییەکان، کە دەبێتە هۆی هاتنەکایەی زیانەکانی داهاتوو لەسەر ئاسایشی ولاتە کە قورسە لە داهاتوودا درکی پێبکرێت (تحقيق اضرار مستقبلية على أمن البلد يتعذر تداركها مستقبلا)، ........، دادگا بە ڕێککەوتن بڕیاریدا ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی دیوانی ژمارە (286) لە 2018/8/30 تائەوکاتەی دۆسیەکە یەکلایی دەبێتەوە .........)( بڕیاری دادگای قەزای کارگێری لە داوای ژمارە (١٤/ولائی/ق/٢٠١٨) ژمارەی بڕیار (2018/2399) لە 2018/10/١٥. الزبيدي، 2021، ل 214؛ مهدي و عبيد، 2020، ل 274).

لە بڕیارێکی دیکەی هەمان دادگا سەبارەت بەم بابەتە لەسەر داوای لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەبارەت بە قوتابیانی زانکۆ، کە تێدا هاتبوو: (ئەو

داواکارییەی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٩ لەلایەن داواکارانی فەرمانی وەلائی لە دۆسیەی ژمارە (1866/ق/2020) بۆ دەرکردنی فەرمانی وەلائی بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (1588) لە (2020/7/19)، کە بریتییە لە بە کەوتوو دانانی هەردوو قوتابی داواکار لە سەرجەم بابەتەکاندا لە ساڵی خوێندنی (2019_2020) چونکە سەلمێندرا کە گریان کردووە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەلیکترۆنی پراکتیکی لە بابەتی نەشتەرگەری دەم و ددان، پاش وردبینی وگفتوگۆ، و لە بوونی مەرجەکانی دەرکردنی فەرمانی وەلائی، لەنێویاندا درککردن بە زیانەکانی داهاتوو. دادگا بە زۆرینە بڕیاریدا بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی ژمارە (1588) لە 2020/7/19 تا دۆسیەکە یەکلادەکرێتەوە لەبەردەم ئەم دادگایە ...... کە بڕیارەکە شیاوی دادخوازییە لەبەردەم ئەو دادگایە 2020/20/9) (بڕیاری دادگای قەزای کارگێڕی لە داوای ژمارە (1886/وەلائی/ق/٢٠٢٠) ژمارەی بڕیار (2020/1481) لە 2020/9/9. الزبیدی، 2021، ل 314_٣١٥).

لە بڕیارێکی نوێی هەمان دادگا، فەرمانێکی وەلائی بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانێکی کارگێڕی دەرکردووە، کە تێدا هاتووە: (بۆ ئەو داواکارییەی کە لە ٢٠٢٢/٣/٣٠ پێشکەشکراوە لەلایەن داواکاری فەرمانی وەلائی لە دۆسیەی ژمارە (١٤١٥/ ق/٢٠٢٢) بۆ دەرکردنی فەرمانی وەلائی تاوەکو یەکلاکردنەوەی دۆسیەکە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی بە ژمارە (٤٦) لە ٢٠٢٢/١/١٢ کە بریتی بوو لە دوورخستنەوەی (فصل) داواکار لە خوێندن بۆ ماوەی یەک ساڵ، پاش وردبینی وگفتوگۆ، دادگا بۆی دەرکەوت کە مەرجەکانی دەرکردنی فەرمانی وەلائی تێدا هەیە و، لەنێویاندا ئێمکان نەبوونی درککردن بە زیانەکانی داهاتوو. دادگا بەرێکەوتن بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی ژمارە (....) لە 2020/7/19 تاوەکو دۆسیەی ژمارە (.....) یەکلادەکرێتەوە ...... لە ڕێکەوتی 2022/3/30)( بڕیاری دادگای قەزای کارگێڕی لە داوای ژمارە (١٤١٥/ وەلائی/ ق/٢٠٢٢) ژمارەی بڕیار (2022/1386) لە 2022/3/30. بڵاونەکراوە).

بەهەمان شێوە لە بڕیارێکی دیکەی نوێتری هەمان دادگا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٩، فەرمانێکی وەلائی بۆ ڕاگرتنی ڕێکارەکانی دوورخستنەوەی قوتابیەک لە خوێندن دەرکردووە کە تێدا هاتووە (بۆ ئەو داواکارییەی کە لە 2022/5/9 پێشکەشکراوە بۆ دەرکردنی فەرمانی وەلائی تاوەکو یەکلاکردنەوەی دۆسیەی ژمارە (.....) بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی بە ژمارە (246) لە 2022/3/23 کە بریتیە لە فەسڵکردنی داواکاری فەرمانی وەلائی لە خوێندن، پاش وردبینی وگفتوگۆ، دادگا بۆی دەرکەوت کە مەرجەکانی دەرکردنی فەرمانی وەلائی تیادایە هەیە و بەردەستن، ئەمەش بەهۆی ئێمکان نەبوونی درککردن بەو زیانانەی کە لە ئەنجام نەدانی تاقیکردنەوەکان دەکەونەوە، بەشێوەیەک ناتوانرێت لە کاتێکی تردا ئەنجام بدرێت و هەروەها ناشتوانرێت بەرواره دیاریکراوەکانیان دوابخرێت، بۆیە دادگا بەرێکەوتن بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی برگەی (١) لە فەرمانی کارگێڕی ژمارە (346) لە 2022/3/23 بەرێژەی پەیوەندی فەرمانەکە بە داواکاری فەرمانی وەلائی تاوەکو دۆسیەی ژمارە (.....) یەکلادەکرێتەوە ..... .. لە ڕێکەوتی 2022/5/9"( بڕیاری دادگای قەزای کارگێڕی لە داوای ژمارە (..../ وەلائی/ ق/٢٠٢٢) ژمارەی بڕیار (...../2022) لە 2022/5/9. بڵاونەکراوە).

لە دوایین بڕیاری خۆشیدا کە لە 2022/8/10 دەرچووە، دادگای قەزای کارگێڕی فەرمانێکی دیکەی وەلائی دەرکردووە بە ڕاگرتنی ڕێکارەکانی ئەو فەرمانە زانکۆییەی کە بابەتی تانەکەیە بە هەڵوەشاندنەوەی قبولکردنی قوتابیەکەی وەرگیراو لە خوێندنی باڵا تا کاتی یەکلاکردنەوەی داواکە(بڕیاری دادگای قەزای کارگێڕی لە داوای ژمارە (..../ وەلائی/ ق/٢٠٢٢) ژمارەی بڕیار (......./2022) لە 2022/8/10. بڵاونەکراوە)[17]).

بەم شێوەیە، ئەوەی تێبینی دەکرێت، دادگای کارگێڕی لە عێراق لەماوەیەکی کەمدا فەرمانی کردووە بە ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆری بڕیاری کارگێڕی بە بیانووی بوونی مەرجەکانی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی بە دیاریکراوی لەو بابەتانەی کە ترسی لەدەستچوونی کاتیان لێدەکرێت و ناتوانرێت درک بکرێت بە زیانەکانی داهاتوو ئەگەر بڕیارەکە ڕاستەوخۆ جیبەجێ بکرێت، کە خۆی لە بنەڕەتدا دادگای کارگێڕی بە سیفەتی بەپەلەیی کاری سەرەکی هێنانەدی هاوسەنگییە، بۆیەش لێرەدا ڕۆڵی دادگا بەدەردەکەوێت لە دەستەبەرکردن و هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان، بەم شێوەیەش ئەم ئاراستەی دادگای کارگێڕی لەعێراق ئاراستەیەکی ستایشکراوە چونکە پارێزگاری خێرا و بەپەلە دەکات لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر خێرایی جیبەجێکردنی ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی کە پێچەوانەی

یاسان، سەرەڕای نەبوونی ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە لە یاسای ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراق.

سەبارەت بە هەڵوێستی دادگای کارگێڕی هەرێمی کوردستان، لە بەشێکی ئەحکامەکانیدا، بەهەمان شێوەی دادگاکانی کارگێڕی عێراق پراکتیزەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی کردووە، هەروەک دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، لە ڕێکەوتی (2013/8/28)، بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی ژمارە (2644) لە (2013/5/15)، سەبارەت بە چۆڵکردنی ماڵێک لە تابعی داوالێکراو/ سەرەڕای کارەکەی، چونکە لە دانیشتنی یەکەمدا یەکێك لە داواکارییەکانی داواکار کە پێشکەشی کردبوو، مەرجی جدییەتی تێدابوو، بەمەش دادگا بڕیاریدا بە ئاراستەکردنی فەرمانێک بۆ فەرمانگەی داواکار بۆ ناردنی کۆپی ئەسڵی لە بەراییەکانی لێکۆڵینەوەکە و تەبلیغکردنی فەرمانگەی ناوبراو بە بڕیاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانەکە تاوەکو یەکلاکردنەوەی بنچینەی بابەتەکە(بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (135/بەرزەفتکردن/2013)، لە ڕێکەوتی 2013/10/31، بڵاونەکراوە).

لە بڕیارێکی دیکەیدا، دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە ڕێکەوتی 2019/6/17 بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی بابەتی تانەکە تاوەکو یەکلاکردنەوەی ئەو داوایە، دوای ئەوەی داواکار داوای لە دەستەی ناوبراو کردبوو بۆ دەرکردنی بڕیاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە تانەلێدراوەکە(بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (18/بەرزەفتکردن/2019)، لە ڕێکەوتی 2019/6/17، بڵاونەکراوە) [18]. لە بڕیارێکی دیکەی دوای ئەوەش لە ڕێکەوتی 2019/11/26 بەهەمان شێوە دەستەی ناوبراو بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی بڕیارە تانەلێدراوەکە تاوەکو یەکلاکردنەوەی ئەو داوایە، دوای ئەوەی داواکار لە تیانوسی داواکەی داوای ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕیەکەی کردبوو مەرجە یاساییەکانی ڕاگرتنیشی تێدابوو(بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (60/بەرزەفتکردن/2019)، لە ڕێکەوتی 2019/11/26، بڵاونەکراوە)[19].

لە بڕیارێکی دیکەی نوێی هەمان دەستە، کە لە ڕێکەوتی 2021/4/18 دەرچووە، بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی وزاری ژمارە (1648) لە ڕێکەوتی 2020/8/7 کە تایبەت بە کۆتایی هاتنی دەسپێکێشانەوەی (سحب ید)ی داواکار و گەڕاندنەوەی بۆ کارەکە(بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (45/بەرزەفتکردن/2020)، لە ڕێکەوتی 2021/4/18، بڵاونەکراوە) [20].

بەهەمان شێوە، دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە بڕیارێکیدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی (کەرکوک ـ گەرمیان)ی کردووە، داوای ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (915) لە ڕێکەوتی 2022/3/16 کردووە، کە ئەوەی خستۆتەڕوو: "پاڵپشت بە مادده (١٤١) لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (83)ی بۆ ساڵی 1969 هەموارکراو و ماددەی (٢٠) برگە (٤) لە یاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێم ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨، دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم ئاماژە بە داوای ژمارە (47/بەرزەفتکردن/2022) کە لەلایەن داواکار (.........) لەسەر داوالێکراو (سەرۆکی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی (کەرکوک ـ گەرمیان)/ سەرەڕای کارەکەی) تۆمار کراوە، بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (915) لە ڕێکەوتی 2022/3/16 سەبارەت بە داواکار تاوەکو یەکلابوونەوەی داواکە' (بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (47/بەرزەفتکردن/2022)، لە ڕێکەوتی 2022/3/29، بڵاونەکراوە) [21].

ئەم بڕیارانەی ئاماژەمان بۆ کردن، تایبەت بوون بەو فەرمانە وەلائیانەی کە دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانیدا بە گوێرەی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم دەریکردبوون.

لەسەر هەمان ڕێچکە، دادگای کارگێڕی هەریەکە لە هەولێر و سلێمانی پراکتیزەی ئەو دەسەڵاتەیان کردووە و لە هەندێک لە بڕیارەکانیاندا فەرمانیان کردووە بە "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیار و فەرمانە کارگێڕییەکان". هەروەک دادگای کارگێڕی هەولێر لە فەرمانێکی ولائیدا لە ڕێکەوتی 2022/12/14 بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی کار لە پرۆژەی (.......) لە شاری دهۆک، لەبەر بوونی کاریگەری لەسەر داوای ژمارە (24/ب/2021)  تا کاتی یەکلاکردنەوەی ئەم داوایە،  داواش دەکات نوسراو ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنان بکات بۆ ڕاگرتنی پرۆژەکە، ئەمەش دوای ئەوەی پارێزەری داواکار بەگوێرەی داوای ژمارە تانەی گرتبوو لە بڕیاری کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی

دهۆک و دەستەی وەبەرهێنان بە ڕاسپاردنی وەبەرهێنەرێکی تر لە شوێنی بریکاردەرەکەی(بڕیاری دادگای کارگێڕی هەولێر لە داوای ژمارە (..../ امر ولائی /٢٠٢١) ڕێکەوتی 2021/12/14، بڵاونەکراوە). لە بڕیارێکی دیکەی هەمان دادگا لە ڕێکەوتی 2022/2/27 بڕیاریداوە بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (2113) لە 2022/4/21 تا کاتی یەکلاکردنەوەی دۆسیەک"( بڕیاری دادگای کارگێڕی هەولێر لە داوای ژمارە (..../ امر ولائی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/2/27. بڵاونەکراوە)(22).

بەڵام هەمان دادگا لە دۆسیەکی دیکەدا لە ڕێکەوتی 2022/4/12 بڕیاریداوە بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکاری فەرمانی ولائی بۆ ڕاگرتنی ڕێکارەکانی پەسەندکردنی نەخشەی ژمارە (k ٦٣٣) کە لەلایەن سەرۆکی شارەوانی هەولێر/ سەرەرای کارەکەی گیراوەتە بەر تا کاتی یەکلاکردنەوەی دۆسیەکە، لە پاساوی ڕەتکردنەوەکەش هاتووە " .... بۆ دادگا دەرکەوت کە مەرجەکانی تایبەت بە دەرکردنی فەرمانی وەلائی لە داواکاری داواکاردا نین و هیچ بەڵگەیەکی دڵنیاکەرەوەی لە ناوەڕۆکی داواکەی پێشکەش نەکردووە، بۆیە داواکەر ڕەتکراوەتەوە....."( بڕیاری دادگای کارگێڕی هەولێر لە داوای ژمارە (..../ امر ولائی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/4/12. بڵاونەکراوە).

لەلای خۆیەوە دادگای کارگێڕی سلێمانیش پڕاکتیزەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی کردووە، هەروەک ئەوەی لە فەرمانیکی ولائیدا لە ڕێکەوتی 2022/7/19 بڕیاریداوە بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (....) لە ڕێکەوتی 2022/6/15 سەبارەت بە گواستنەوەی لە فەرمانگەیەوە بۆ فەرمانگەیەکی دیکە، کە تێدا هاتووە " .... دەرکەوت بۆ دادگا داواکار هیچ پشتیوانییەکی یاسایی بۆ داواکارییەکەی پێشکەش نەکردووە سەبارەت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی ژمارە ٦١٦\٨\١١ لە ٢٠٢٢\٦\١٥ کە سەرۆکی کارگێڕی (.......) دەریکردووە جگە لەوەی لە سەرەوە باسکرا ئاماژەی بە هیچ مافێکی یاسایی نەکردووە کە هۆکاربێت بۆ داواکەی و مەرجی سەرەکی دەکردنی فەرمان سالاری بوونی باری خێرا و دەقێکە لە یاسادا کە ڕێگە بدات دادگا ئەو فەرمانە بدات و بەهۆی ئەوەی بڕیاردان بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانی گواستنەوەیە مەرجی فەرمان سالاری تێدانییە و هیچ پشتیوانیەکی یاسایی نییە ڕێگە بە دادگا بدات ئەو فەرمانە بدات بۆیە دادگا بە ڕێکەوتن بڕیاریدا بە ڕەتکردنەوەی داواکاری داواکار بڕیارێک کە شیاوی بێدادی (تظلم) و پێداچوونەوەیە ..... لە ٢٠٢٢\٧\١٩ (بڕیاری دادگای کارگێڕی سلێمانی لە داوای ژمارە (٣/ امر ولائی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/7/19. بڵاونەکراوە)، بەڵام داواکار تەزەلومی کردووە لەم فەرمانە ولائیە لەبەردەم هەمان دادگا، ئەم دادگایەش لە ریکەوتی 2022/8/10 بڕیاریداوە بە وەرگرتنی تەزەولمی داواکار و فەرمانکردن بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێڕی ژمارە (......) لە ڕێکەوتی 2022/6/18 تا ئەنجامی داوایەکە یەکلادەکرێتەوە(بڕیاری دادگای کارگێڕی سلێمانی لە داوای ژمارە (٤/ دادخوازیی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/8/10. بڵاونەکراوە) (23).

لەم بڕیارانەی سەرەوەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە دادگای کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان ویڕای نەبوونی هیچ بڕگەو ماددەیەکی یاسایی لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨ کە بە شێوەیەکی ڕاشکاو ئاماژە بدات بە تایبەتمەندییەتی دادگای کارگێڕی بۆ بینینی داوا بەپەلەکانی پەیوەست بە داوای ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی بڕیارە کارگێڕییەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو کاروبارە بەپەلانە پەیوەندیدارن بە یاسای ڕاژەی شارستانی و فەرمان و بڕیارە کارگێڕییەکان، لە ناویشیاندا داواکانی پەیوەست بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بەدەرکراون لە ویلایەتی دادگای شارستانی، بۆیە دەچێتە ناو تایبەتمەندی دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم و دادگا کارگێڕییەکان لە هەرێمی کوردستان، هەر بۆیەش پاڵپشت بەو بەڵگە یاساییە، دادگای کارگێڕی بە هەردوو باڵەکەی پڕاکتیزەی ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی بڕیارە کارگێڕییەکان دەکەن لە پێناو دەستەبەرکردنی پاراستنێکی کاتی و بەپەلەی ماف و ئازادییەکانی فەرمانبەران و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە پێناو هێنانەدی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان.

لەبەر ڕۆشنای ئەوەی خستمانەڕوو، پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری هەرێمی کوردستان کە لە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە 14ی ساڵی 2008، بەرەوپێشچوونەکانی سیستەمی دادگای کارگێڕی وڵاتان لەبەر چاو بگرێت و لە دەقێکی ڕوون و ڕاشکاودا، تایبەتمەندییەتی وەستانی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێرییەکان لە بڕیارە ئەرێنی یاخود نەرێنییەکان بخاتە نێو هەموارای یاساکە، لەگەڵ ئاماژەکردن بە مەرجە

بابەتی و شێوەییەکانی تایبەت بەم داوایانە، هەروەك ئەوەی لە یاسای دادپەروەری کارگێری فەرەنسی خستمانەڕوو.

**4. کۆتایی**

لە کۆتایی نووسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، دەردەکەوێت کە سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هاوسەنگکردنی پەیوەندی نێوان دەسەلاتی کارگێڕی و ئەو کەسانەی کە بڕیار و کارە یاسایی و ماددییەکانیان ئاراستە دەکرێن، ئەمەش لەوکاتەی کە بەریەککەوتن ڕوودەدات لە نێوان کارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی کاتێك هەوڵدەدات بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی تاکەکان. لەسەر ئەو بنەمایەش پێویست دەکات گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین لە چەند خاڵێکدا کورتی بکەینەوە، سەرەڕای خستنەڕووی پێشنیار و ڕاسپاردەکانمان کە هەڵهێنجراو و زادەی ڕۆچوونمانە لە ناواخنی توێژینەوەکەدا:

**1.4 دەرئەنجامەکان**

- یەکێک لە گرنگترین ڕێسا کارپێکراوەکان لە یاسا و دادوەریێتی کارگێڕیدا کە لە ئێستادا بناغە و پایەیەکی پتەوی هەیە لە بەرژەوەندی جێگیری مامەڵە کارگێڕییەکان، ڕێسای کاریگەری ڕانەگرتنی بڕیارە کارگێڕییەکانە کاتێك ڕووبەڕووی تانەدانی هەڵوەشاندنەوە دەبنەوە، لە هەمان کاتدا جێبەجێکردنی ڕەهایانەی ئەم ڕێسایەش دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە تاکەکان لەهەندێ باردا، کە هەر ئەمەش وای لە ئاراستەی یاسادانەر و دادوەریێتی کارگێڕی کردووە کە بیر لە چارەسەر و کەمکردنەوەی ئەو زیانانە بکەنەوە بە دارشتنی کۆمەڵێک مەرج و پێودانگ کە ڕەچاوکردنیان لە کاتی بەدیهاتنیان هاوسەنگکردنی بەرژەوەندیەکانی لێ بەرهەم دێت.
- سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان نموونەیترین ڕێسای بەرکاری بەدیهێنانی ئەو هاوسەنگییە ئاماژەپێکراوەیە کە ئامانج لێی پاراستنی بەرژەوەندی لایەنە لاوازەکانی پەیوەندییەکانە، بۆیە یاسا و دادوەریێتی کارگێڕیش لە چوارچێوەی دادگای کارگێڕی بەپەلە کاریان بەم سیستمە کردووە و کارپێکراوەکانی لەسەر بنیاد نراوە.
- ئەو هەنگاوە مێژوویی و یاساییەی کە یاسادانەری فەرەنسی لەم دواییانەدا پەسەندی کرد بە گوێرەی یاسای نوێی دادپەروەری کارگێڕی ژمارە ٥٩٧ی ساڵی 2000، کە تیایدا سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکانی لە چوارچێوەی سیستمی دادوەری کاروبارە کارگێڕییە بەپەلەکان هێنایە ئاراوە، بووە هۆی جیاکردنەوەی نێوان داواکاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان و داوای هەڵوەشاندنەوە، کە ئەوەی یەکەمی پەیوەست کرد بە سیستمی دادوەریێتی بەپەلە، بەم شێوەیەش دادوەری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکانی جیاکردەوە لە دادوەری هەڵوەشاندنەوە. بەم شێوەیە بڕیاردان لەسەر داواکارییەکانی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان کەوتە ژێر تایبەتمەندی دادوەری کاروبارە کارگێڕییە بەپەلەکان، ئەمەش بە پێچەوانەی دۆخی هەریەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە هیچ پێشڤەچوونێک بەدیناکرێت لەم بارەیەوە.
- سەرەڕای هەبوونی ئاراستەی هزری یاسایی و دادوەریی لە هەمبەر ڕەوایی نەبوون و ئەستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییە نەرێنییەکان، بەڵام ئاراستەی نوێ لەم ئاستانەدا ئاماژە دەکەن بە بینینی ئەو داوا بەپەلانەی بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە نەرێنییەکان بەرزدەکرێنەوە، بەشێوەیەك ئەو پێشڤەچوون و پێشکارەنوێیە یاساییانەی لە فەرەنسا هاتوونەتە کایەوە بووەتە هۆی نەهێشتنی ئەو مشتوومڕانە، کە بەڕاشکاوی لە مادەی 521-1 ی یاسای ژمارە 597ی ساڵی 2000 جێگیرکراوە، بەمەش بووە هۆی فراوانکردنی بازنەی ڕاگرتنەکە بۆ ئەوەی هەردوو جۆری بڕیاری ئەرێنی و نەرێنی بگرێتەوە کە ئامانج لێی هێنانەدی هاوسەنگی نێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگایە. بەڵام ئەم مشتومڕە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراق و ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان بوونی نەبوو، بەشێوەیەک لە بڕیار و کارپێکراوە کۆن و نوێیەکانیان جیاوازی ناکەن لە نێوان بڕیارە نەرێنی و ئەرێنییەکان، بۆ ئەمەش کۆکن لەگەڵ نوێترین ئاراستە یاسایی و دادوەرییەکانی فەرەنسا بۆ سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان.
- سەرەڕای ڕێکنەخستنی سیستمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە یاسای ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقی و یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستاندا، پیادەکردنی ئەم سیستمە لەبەردەم دادوەریێتی کارگێڕی پشت ئەستووە بووە بە دەقێک لە یاسای دادبینی شارستانی عێراقی، لەم ڕووەشەوە چەندین کارپێکراوی دادوەری بوونیان

هەیە، لەگەڵیشیدا ڕێکخستنی ئەم بابەتە لە یاساکانی تایبەت بە دادوەرێتی کارگێڕی پێویستییەکی هەنووکەییە لەسەروبەندی تایبەتمەندی ڕێکارەکانی بینینی داوا کارگێڕییەکان و جیاوازیان لەگەڵ داوا شارستانییەکان.

- لە کارپێکراوە دادوەرییەکانی دادگای کارگێڕی عێراق بۆمان دەرکەوت کە بەرزو نزمییەک لە هەڵوێستەکانی بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بەدیدەکرا، ئەویش دوای ئەوەی دادگای قەزای کارگێڕی لە بڕیارێکیدا لە 1996/22/7 بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری چۆڵکردنی (دار سەدر) لە یەکێک لە فەرمانگەکان تاوەکو دۆسیەکە یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام دواتر هەمان دادگا بڕیاری ڕاگرتنی جێبەجێکردنی هەمواڕکردەوە و بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی ئاگادارکردەوە بۆ بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی بڕیاری چۆڵکردنەکە، بەڵام لەو چەند ساڵەلانەی دوایدا، دادگای کارگێڕی لە عێراق بە هەردوو باڵەکەیەوە (دادگای قەزای کارگێڕی و دادگای قەزای فەرمانبەران) ژمارەیەک فەرمانیان دەرکردووە بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان، بۆیە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕاستە ڕێکخستنێکی یاسایی ڕوون بۆ ئەم بابەت نەکراوە، بەڵام هەردوو دادگایەکە پراکتیزەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان دەکەن.

**2.4 ڕاسپاردەکان**

- پێویستبوونی ڕێکخستنی یاسایی و چوارچێوەکردنی بابەتە پەیوەندارەکان بە دادگای کارگێڕی بەپەلە لە میانەی هەر هەنگاوێك بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت ژمارە ٧١ی ساڵی ٢٠١٧ و یاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە 14ی ساڵی 2008، کە تیایدا بەرەوپێشچوونەکانی سیستەمی دادگای کارگێری وڵاتان لەبەر چاو بگرێت و لە دەقێکی ڕوون و ڕاشکاودا، تایبەتمەندییەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێرییەکان لە بڕیارە ئەرێنی یاخود نەرێنییەکان بخاتە نێو هەمورای یاساکە، هەروەک ئەوەی لە یاسای دادپەروەری کارگێری فەرەنسی ساڵی ٢٠٠٠ بەدیدەکرێت.
- لەتەك ڕێکخستنی یاسایی بۆ سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان، پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری عێراق و هەرێمی کوردستان کە دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی دادگای کارگێڕی فراوان بکات لەکاتی بوونی حاڵەتە ئاسایی و بەپەلەکان، ئەویش بە فراوانکردنی تایبەتمەندییەکانی دادگای کارگێڕی بۆ بینینی سەرجەم ناکۆکیە کارگێڕییەکان و لەخۆگرتنی سەرجەم کارە کارگێڕییەکان جا چ کارەکە کارگێڕییە یاسایی بێت یاخود ماددی، تاوەکو پاراستنێکی خێراو بەپەلە بۆ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تاکەکان فەراهەم بکرێت، چونکە دابینکردنی ژینگەیەکی یاسایی گونجاو خزمەت بە دادوەری کارگێڕی دەکات تا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوتر ببینێت لە هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان بەرژوەندییە ناکۆکەکان.
- لە میانەی ئەو ڕۆڵە دروستکارەی کە دادگای کارگێڕی هەیەتی، دەکرێت لەم دۆخەی ئێستا تا ڕێکخستنی یاسایی سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لەلایەن یاسادانەر، دادوەری دادگا کارگێڕییەکانی عێراق و هەرێم بەپێی ئەو دەقە یاسایەی کە لە یاسای دادبینی شارستانی عێراقی هەیە و دەرفەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان پێداون، ئەو پێشڤەچوون و پێشکارەنوێیانەی کە لەم توێژینەوەیە خستمانەڕوو لەبەرچاو بگرن و هەوڵی هێنانەدی هاوسەنگی بدەن لە نێوان بەرژەوەندییە ناکۆکەکان.
- سروشت و بنەمای داوا کارگێڕییەکان و جیاوازی لەگەڵ داوا مەدەنیەکان، وا دەخوازێت کە یاسایەکی تایبەت بە دادبینی کارگێڕیش هاوشان لەگەڵ یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت بوونی هەبێت، تا تایبەتمەندیەتی ئەم داوایانە لە خۆبگرێت و لەناویشیدا ڕێکخستنێکی بابەتی و ڕێکاری تەواو بکات بۆ بابەتی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی دادگای کارگێڕی تا لەگەڵ پێشڤەچوون و پێشهاتەکانی وڵاتە بەراوردکارییەکان بە دیاریکراوی فەرەنسا بڕۆین و دوانەکەوین.

## 5. پەراوێزەکان

1. هەندێکجار بەهۆی مەترسی ئەو شوێنەوارانەی لە دەرکردنی بڕیارە کارگێڕییەکانەوە دروست دەبن لەڕووی زیانگەیاندن بە ماف و ئازادییەکانی تاک، بۆیە سیستمە یاساییە مۆدێرنەکان لەسەر بنەمای مەشروعیەت دادەمەزرێن کە دەسەڵاتی کارگێڕی ناچاردەکات هەموو کارو بڕیارەکانی لەسەر بنەمای یاسا و بەگوێرەی یاسا بێت. لەمبارەیەوە ئەنجومەنی دەستووری فەرەنسا لە بڕیارێکیدا دەڵێت "ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بە چاودێرییەکی سەرەکی دادەنرێت لە پاراستنی مافی تاکەکان لە پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی". (بلعوشە، ٢٠١٦، ل ٣١٤).
2. ئەم ڕێسایە بۆ یەکەمینجار لە فەرەنسا لە ماددەی (٣)ی مەرسوومی دەرچوو لە ٢٢ی تەمموزی ١٨٠٦ دەقنووسکرابوو»،. « le pourvoi au Conseil d'État n'est pas suspensif s'il n'en est autrement ordonné ، وە لە یاسای ٢٤ ئایاری ساڵی ١٨٧٢ و یاسای 18 کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠ دوپات کرایەوە، پاشان لە دەقی ماددەی ٢٤ لە یاسای دەرچوو لە ڕێکەوتی ٢٤ یولیۆی ساڵی ١٩٤٥ی ڕێکخراو بۆ ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی بەم شێوەیە هاتبوو " هیچ کاریگەریەکی ڕاگرتن لەسەر تانەدان لەبەردەم ئەنجومەنی دەوڵەت دروست نابێت ..."، تەنانەت دوای ئەو چاکسازییانەی کە خرانە ناو سیستەمی دادوەری کارگێڕی فەرەنسا بەڵام هێشتا کارکردن بەم ڕێسایە هەر بەردەوام بوو، هەروەک بە پێی مەرسومی دەرچوو لە ٣٠ ئەیلولی ساڵی ١٩٥٣ تایبەت بە دروستکردنی دادگا کارگێڕیەکان و یاسای نوێی دەرچوو لە ٣١ کانونی یەکەمی ١٩٨٧ تایبەت بە چاکسازی دادگای کارگێڕی کە بەهۆیەوە دادگا کارگێڕیە تێهەڵچوونەوەیەکان دروست بوون. (احمد، ٢٠٢٢، ل 1627_1710؛ Maxime Lei, 2018, p 62).
3. یاساناسان بەگشتی سێ جۆری پاساوییان دەستنیشانکردووە بۆ ئەم ڕێسایە، لەوانە:
   - یەکەمیان: تیۆر یاخود بیرۆکەی بڕیاری جێبەجێکاری (فكرة القرار التنفيذي).
   - دووەمیان: پرەنسیپی جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتە دادوەرییەکان و کارگێڕییەکان (مبدأ الفصل بين السلطتين القضائية و الإدارية).
   - سێیەمیشیان: پێودانگە زانستییەکان (الاعتبارات العملية) یاخود بەرژەوەندی گشتی. بۆ زانینی زیاتر لەسەر ئەو پاساو و پێودانگانە، بڕوانە : (خەسرەو، 2017، ل19_26؛ عبداللطيف, 2020، ل١٣٣؛ الراجحي، ٢٠١٣، ل ٥٧_٥٨؛ غيتاوي, 2008, ل 12_17).
4. ئەو پاساوانەی کە وای لە یاسادانەر کردووە تا سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بخاتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:
   - أ- هەندێک لەو زیانانەی دووچاری تاکەکان دەبێتەوە لە بەرەنجامی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکانەوە ئەستەمە درک بکرێن، قەرەبووکردنەوەکەش دواتر داد نادات، لە نموونەی ئەمەش کە ڕووبەڕووی خانوێکی شوێنەواریی (منزل أثري) دەبێتەوە لە بەرەنجامی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕیی ڕووخاندنەکەی.
   - ب- ئەو دەسەڵاتی جێبەجێکردنە ڕاستەوخۆیەی بەخشراوە بە دەسەڵاتی کارگێڕیی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، ڕەنگە دەسەڵاتی کارگێڕیی بە خراپ بەکاربهێنێ و دەربچێت لەو مەرجانەی بۆی دیاریکراوە یان پەنای بۆ ببات بۆ هەبوونی پاساو، کە ئەمەش زیانی قورس بە تاکەکان دەگەیەنێت.
   - ت- ڕێسای گشتی لە جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان وا دەخوازێت کە تۆمارکردنی داوای هەڵوەشاندنەوە نەبێتە هۆی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە تانەلێدراوەکە.
   - ث- سستی دادوەریکردن (التقاضي) لە بەردەم قەزای کارگێڕی، وادەکات داوای هەڵوەشاندنەوە بە تەنها خۆی جەدوای ئەوتۆی نەبێت لە پاراستنی تاکەکان لە حاڵەتی دەرکردنی بڕیاری کارگێڕیدا و دەکرێت زیانگەلێکی قورس بخاتەوە کە درک کردنی مەحاڵ بێت. وەرگیراوە لە: (راضي، رووف و سعيد، (عبدول), 2020، ل 289_290). بۆ زانینی بیانووی زیاتر لەسەر سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارە کارگێڕییەکان بڕوانە: (سلێمان، 2022، ل ١٩٨١_١٩٨٤؛ السناري، ٢٠٠٥، ل ٣٦١_364).
5. جێگای ئاماژەیە، یاسادانەری فەرەنسی زاراوەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی (Sursis-exécutoire) گۆڕی بە زاراوەی هەڵگری هەمان مانا، کە بریتییە لە "الاستعجال الواقف suspension – refere" واتە بەکارهێنانەکەی کورتکراوەتەوە بە ڕاگرتنی بڕیاری کارگێڕی. (بلعوشە، ٢٠١٦، ل ٣١٤).
6. ئەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی کارگێڕی دەریان دەکات فۆرم و شێوازی جۆراجۆر لە خۆ دەگرن، بەشێوەک پۆلێن دەکرێن بۆ چەند جۆرێك، هەرچەندە هاوبەشن لەڕووی ماهیەت و توخمەکانی، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆک و شکڵەوە لێک جیاوازن، ئەم دابەشکردنەش گرنگی تیۆری و زانستی خۆی هەیە بەهۆی جیاوازی ئاسەواری بڕیارەکان بەپێی ئەو پۆلێنەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەک بڕیارە کارگێڕییەکان بەگوێرەی ئاسەوارەکانیان دابەشدەبن بۆ بڕیارە کارگێڕییە دروستکارەکان (المنشئة) و بڕیارە کارگێڕییە ئاشکراکارەکان (الكاشفة)، هەروەها بەگوێرەی پێکهاتنیان (من حيث التكوين) دابەش دەبن بۆ بڕیارە کارگێڕییە سادەکان (البسيطة) و بڕیارە کارگێڕییە ئاوێتەکان (القابلة للانفصال)، هەروەها بەگوێرەی ناوەڕۆکەکانیان یاخود لەڕووی مەودا یان گشتگیرییەوە (مداها وعموميتها) دابەش دەبن بۆ بڕیارە کارگێڕییە ڕێکخەرییەکان (التنظيمية) و بڕیارە کارگێڕییە تاکە کەسییەکان (الفردية)، هەروەها بەگوێرەی ملکەچبوونیان بۆ چاودێری قەزایی، بڕیارە کارگێڕییەکان دابەشدەبن بۆ ئەو بڕیارانەی کە ملکەچن بۆ چاودێری قەزایی (قرارات قابلة للطعن) و ئەو بڕیارە کـــارگێڕیانەی کە ملکەچ نین بۆ چاودێری قەزایی، لە کۆتایشدا بڕیارە کارگێڕییەکان بەگوێرەی گوزارشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی لە ئیرادەی خۆی دابەشدەبن بۆ بڕیارە ئەرێنییەکان (القرارات الايجابية) و بڕیارە نەرێنیەکان (القرارات السلبية). بۆ زانینی وردەکاری تەواو لەسەر ئەو دابەشکاریانە (رووف و سعید، 2017. ل90_101؛ راضي، 2013، ل261_275؛ الجبوري، 2022، ل 369_380؛ عبدالوهاب، ٢٠١٢، ل 543-552).
7. ئەو بڕیارانەن کە دەسەلاتی کارگێڕی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە گوزارشت لە ویستەکەی خۆی دەکات، ئەویش بە دەربڕینی هەڵوێستێکی ئەرێنی دیاریکراو دەبێت، جا چ بە نوسین بێت یان بە زارەکی یان بە ئاماژە (الاشارة) بۆ پێدانی مافێک بێت یان لێستاندنەوەی مافێک، بەشێوەیەك دەسەلاتی کارگێڕی مەبەستی بێت ئاسەواری یاسایی بخاتەوە بەو مەرجەی ڕواڵەتی دەرەکی هەبێت. (الزبيدى، 2008، ل١٩٢).
8. بەڵگەی لۆژیکی (السند المنطقي) گوزارشتە لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیارێکی کارگێڕی نەرێنی کە بیرۆکەیەکی باڵایە (فكرة خارقة) و تاڕادەیەک بە تازەگەری و داهێنراوێك دادەنرێت، بۆیە مەحاڵبوون یان سەختی جێبەجێکردنی بڕیارە نەرێنییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بڕیارە نەرێنییەکە لە خۆیەوە جێبەجێ دەکرێت و شوێنەوارەکانی بەرهەم دەهێنێت کاتێک دەستبەجێ دەردەچێت، ئەمە لە لایەکەوەیە، لە لایەکی دیکەوە بیرۆکەی ڕاگرتنی جێبەجێکردن خۆی کردارێکی ئەرێنی لەخۆدەگرێت، لە کاتێکدا بڕیاری نەرێنی هیچ کردارێکی پراکتیکی یان جێبەجێکاری لەخۆناگرێت. (عبدالله، ٢٠٠٦، ل ٥٠_٥١).
9. مەبەست لە بەڵگەی یاسایی (السند القانوني) ئەوەیە کە ئەم بەڵگەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو دەقانەی پەیوەندییان بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی و دادوەرییەوە هەیە، بۆیە ڕاگرتنی بڕیاری نەرێنی بەو مانایایە دێت کە دادگای کارگێڕی جێگەی دەسەڵاتی کارگێڕی دەگرێتەوە و دەچێتە شوێنی لە پراکتیزەکردنی چالاکییەکانیدا یان دەرکردنی

فەرمانێک بۆ دەسەڵاتی کارگێری کە پابەندی دەکات بە دەرکردنی بڕیارێکی ئەرێنی لەو بابەتەدا.(حسين و سعيد، ٢٠١٦، ل ١٨١).

10. بەڵگەی کرداری یان گونجاویەتی ((السند العملي او الملائمة) لەسەر ئەو بنچینەیە کە تەنیا دەسەڵاتی کارگێری شیاوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی خزمەتێک یان نا، بۆیە نابێت جوڵەی بەڕێوەبردن تێکبدرێت یان ئیفلیج بکرێت بە بەکارهێنانی ڕاگرتنی جێبەجێکردن لە دژی کاری کارگێڕی. (عبدالله، ٢٠١٨، ل ٢٦١).

11. لەم بارەیەوە دکتۆر عبدالعزیز خلیفه دەڵێت"لەبەر ئەوەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتی داوا بۆ هەڵوەشاندنەوە، ئەوە، بە پاشکۆیەوە، ملکەچیش دەبێت بۆ ئەحکامەکانی ڕاگرتنی جێبەجێکردن، ئەمەش لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ڕاگرتنی جێبەجێکردن وەرگیراوە لە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوە و لقێکە لێی، بەو پێیەی هەردووکیان ئەو چاودێرییە دادوەرییەن کە دادوەری کارگێڕی هەیەتی بەسەر بڕیاری کارگێڕیدا لەسەر بنچینەی هاوسەنگ کردنی لە تەرازووی یاسادا و بە هاوسەنگییەک کە مەناتەکەی بەدەرخستنی مەشروع بوون یاخود نەبوونی بڕیارەکە، لە ڕووی وەک یەکبوونی یان نەبوونی بڕیارەکە لەگەڵ دەق و ڕۆحی یاسا، بۆیە بڕیارەکە هەڵناوەشێتەوە مەگەر لە کاتی سەیرکردنی داواکاری هەڵوەشاندنەوەکەدا ڕوون بێتەوە کە بڕیارەکە بەهۆی ئەو جۆرە عەیبەوە لەکەداربووە و، بەهەمان شێوە بڕیارەکە ناوەستێنرێت لەکاتی سەیرکردنی داواکاری ڕاگرتنی جێبەجێکردن، مەگەر بەپێی ڕواڵەتی تیانووسەکەوە دەربکەوێت کە بەهۆی ئەو لەکەداربونەوە شێوێنراوە.: (خليفة, 2006، ل 60_61)

12. لەم بارەیەوە یاساناس Odent لە سەرنجێکیدا لەسەر ئەم بڕیارە دەڵێت: "ئەگەر دادوەر بتوانێت فەرمان بکات بە دەسەڵاتی کارگێری کە ڕەتکردنەوەکەی جێبەجێ نەکات، ئەمە مانای ئەوەیە دادوەر فەرمان ئاراستەی دەسەڵاتی کارگێری دەکات بۆ هەستانی بە کارێک، لەکاتێکدا ڕێگەپێدراو نیە دادوەر فەرمان ئاراستەی دەسەڵاتی کارگێڕی بکات، کە تێیدا؛ لەم بڕیارەی سەندیکا کە داواکارییەکی ڕەتکردەوە بۆ تۆمارکردنی پزیشک "Rousset" لە تۆمارەکانیدا، لەگەڵیشیدا بێبەشی کردووە لە پراکتیزەکردنی پیشەکەی لە نۆرینگەکەیدا. بۆیە ئەم بڕیارە پێگەیەکی واقعی (دیفاکتۆ) و یاسایی هەموارکردوەتەوە کە پێشتر هەبووە، فەرمانەکەش لەم کەیسەدا پەیوەندی بە بڕیارێکی جێبەجێکاری نەرێنییەوە هەیە. (احمد، ٢٠٢٢، ل ١٦٥٩).

13. درێژەی کەیسەکەش بەشێوەیەک بوو کە "لایەنە پەیوەندیدارەکان لە فەرەنسا هەستان بە ئەنجامدانی ڕێکخستن و پۆلێنکردنی ئەو کەسانەی پێویستن بۆ دامەزراندن لە وەزیفە؛ دوای ئەوەی کاندیدەکان لە تاقیکردنەوەکانیان دەرچوون، هەروەها ڕەتیانکردەوە خەملاندنەکانیان پێشکەش بکەن بۆ ئەم تاقیکردنەوانە لەسەر ئەو بنچینەیەی ڕیزبەندی و پێشەنگی لە دامەزراندندا دەبێت بەگوێرەی ژمارەی پۆست یاخود وەزیفە بەتاڵەکان بێت، بۆیە فێرخوازە پەیوەندیدارەکان تانەیان لەم ڕێکارانەدا بە هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ داواکاری ڕاگرتنی جێبەجێکردن، بۆیە ئەنجوومەن بڕیاریدا نابێت حوکم بدرێت بە ڕاگرتنی جێبەجێکردن تەنها لە بەرامبەر بڕیارە جێبەجێکارەکان دەتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت، و بەو پێیەش، فەرمان ناکرێت بە ڕاگرتنی بڕیارێکی کارگێڕی ڕەتکردنەوە تەنها لە ئەگەری ئەوەی کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێگەی یاسایی یان واقیعی لایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە بەبێ ئەوە ڕاگرتنی جێبەجێکردن بە فەرمانێک دادەنرێت کە ئاراستەی دەسەڵاتی کارگێری دەکرێت.) ( عبدالله، ٢٠١٨، ل ٢٦٠؛ عبدالله، 2006، ل 52_53).

14. Code de justice administrative Loi n°2000-597 du 30 juin 2000 en vigueur le 1er janvier 2001 (Article L521-1): Quand une décision administrative, même de rejet, fait l'objet d'une requête en annulation ou en réformation, le juge des référés, saisi d'une demande en ce sens, peut ordonner la suspension de l'exécution de cette décision, ou de certains de ses effets, lorsque l'urgence le justifie et qu'il est fait état d'un moyen propre à créer, en l'état de l'instruction, un doute sérieux quant à la légalité de la décision.

Lorsque la suspension est prononcée, il est statué sur la requête en annulation ou en réformation de la décision dans les meilleurs délais. La suspension prend fin au plus tard lorsqu'il est statué sur la requête en annulation ou en réformation de la décision.

15. هەروەک لە مادده (٢٠٣) یاسای دادبینیە شارستانی عێراق هەندیک بابەت بەدەرکراون بە دەقی تایبەت، بەشێوەیەک دەردەچن لە ویلایەتی دادگای بەپەلە کە بریتین لە کارەکانی سەروەری (اعمال السيادة) و بابەتە بەپەلەکانی پەیوەندیدار بە کاروبارە کەسیەکان.

16. بڕوانە: ماددەکانی (13، 20، 21) لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە 14 ساڵی ٢٠٠٨.

17. ناوەڕۆکی داوایەکە بەشێوەیەک بوو کە "بۆ ئەو داواکارییەی پێشکەش کراوە بۆ دەرکردنی فەرمانی ولائی تاوەکو دۆسیەکە یەکلایی دەبێتەوە بە ژمارە (.....) بۆ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی زانکۆ بە ژمارە (.......) کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی داواکاری فەرمانی ولائی کە وەرگیراوە بۆ خوێندنی باڵا بۆ خوێندنی دکتۆرا لە بواری بیرکاری و لەسەر کەناڵی خەرجییە تایبەتەکان لە کۆلێژی زانست بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بەهۆی نەهێنانی مۆڵەتی خوێندن، و پاش وردبینی وگفتوگۆ، دادگا بۆی دەرکەوت کە مەرجەکانی دەرکردنی فەرمانی وەلائی تێدا هەیە و بەردەستن، ئەمەش بەهۆی ئیمکان نەبوونی درککردن بەو زیانانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی کە پێویستە بوەستنرێت دەکەوێتەوە، دادگا بە ڕێککەوتن بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانە زانکۆی بە ژمارە (......)تاوەکو یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکە ...".

18. ئەم داوایەش پلەی بنبڕی وەرگرت دوای ئەوەی دەستەی گشتی ئەنجومەنی شوڕای هەرێم بە بڕیارێکی پێداچوونەوە پەسەندی کرد بە بڕیاری ژمارە (116/دەستەی گشتی/ بەرزەفتەکردن/2019) لە ڕێکەوتی 2019/9/15.

19. ئەم داوایەشیان پلەی بنبڕی وەرگرت دوای ئەوەی دەستەی گشتی ئەنجومەنی شوڕای هەرێم بە بڕیارێکی پێداچوونەوە پەسەندی کرد بە بڕیاری ژمارە (69/دەستەی گشتی/ بەرزەفتەکردن/2020) لە ڕێکەوتی 2020/8/24.

20. بەشێکی ناوەڕۆکی داوایەکە بەشێوەیەک بوو کە "بڕگەی (٢)ی ئەو فەرمانە داوالیکراو بڕیاریدابوو بە گواستنەوەی خزمەتی داواکار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی وە بەبێ هیچ هۆکارێک یاخود بەرژەوەندی گشتی، و کە داوالیکراو/سەرەڕای کارەکەی، فەرمانی ناوبراوی دەرکردبوو بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە داواکار چونکە پێشتر سکاڵاکەی لەسەر داوالیکراو تۆمارکردبوو بە تۆمەتی ناوزڕاندن، بۆیە داواکار لە داواکەی خۆییدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەو پێیەی بڕیاری ژمارە (١٦٨٤) لە ٢٠٢٠/٧/٨ نادادپەروەرانەیە بەرانبەری و پێچەوانەی یاسایە، بۆیە داوای بانگهێشتکردنی داوالیکراو /سەرەرای کارەکەی بۆ دادبینی و دواتر حوکمێک دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی تانەلێدراو و هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی گواستنەوەکەی، هەروەها داواکاری ڕاگرتنی فەرمانی ئاماژەپێکراو تا کاتی دەرئەنجامی دۆسیەکە، بۆیەش دەستەی بەرزفتکرانی فەرمانبەرانی هەرێم لە ڕێکەوتی 2020/7/15، بڕیاریدا بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕگەی دووەمی بڕیاری تانەلێدراو تاوەکو دۆسیەکە یەکلایی دەبێتەوە".

21. هەر سەبارەت بەم دۆسیەیە، دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە بڕیارێکی دیکەیدا لە دانیشتنی دادبینی ڕۆژی 2022/8/7 بەرێکەوتن بڕیاریدا بە پوچەڵکردنەوەی (ابطال)ی تیانوسی داوای داواکار بەگوێرەی ماددەی (٨٨) لە یاسای دادبینی

شارستانی ژمارە (83)ی بۆ ساڵی 1969 هەموارکراو، بە بڕیاریکی بات سەبارەت بە داواکار بەهۆی تەنازولکردنی لە مافی تانەدان، دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی 2022/3/29 داواکاریەکەی پێشکەشکردبوو بەوەی کە دوالیکراو فەرمانی ژمارە (915) لە ڕێکەوتی 2022/3/16 دەکردووە بۆ گواستنەوەی لە دادگای بەرایی (رزگاری) بۆ دادگای بەرایی (دەربەندیخان)، کە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە فەرمانەکە نا دادپەروەریووە بەرانبەری و پێچەوانەی یاسایە، بۆیە داوای دیاریکردنی کاتێک بۆ دادبینی و پێراگەیاندنی داوالیکراو و پاشان حوکم دان بە هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی ناوبراو. هەربۆیەش دەستەی ناوبراو ئەو بڕیارەی لەسەر داواکاری داواکار ڕاگرتند تا کاتی یەکلابوونەوەی داواکە. - بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (47/بەرزەفتکردن/2022)، لە ڕێکەوتی 2022/8/7، بلاونەکراوە.

22. ناوەرۆکی داوایەکەش بەم شێوەیە بوو "لەو داوای کە پێشکەش کراوە لەلایەن داواکاری فەرمانی ولائی لە ڕێکەوتی لە داوای ژمارە (٨٩/ك/٢٠٢١) دەربارەی دەرکردنی فەرمانی ولائی بە ڕاگرتنی سەرجەم ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٢١١٣ لە ٢٠٢١/٤/٢١ کە تێدا مۆڵەتی وەبەرهێنانی ژمارە ٣٠ لە ٢٠٢١/٤/١٩ تایبەت بە پرۆژەی نیشتەجێبوونی (سیران ستی) لە سلێمانی هەڵوەشاندەوەتەوە، دوای وردبینی و گفتوگۆ و، فەراهەم بوونی مەرجەکانی دەرکردنی فەرمانی ولائی و بەهۆی درك نەکردن بەو زیانانەی کە لەداهاتوودا ڕوودەدەن دادگا بە ڕێکەوتن بڕیاریدا بە سەرجەم ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە ٢١١٣ لە ٢٠٢١/٤/٢١ تا کاتی یەکلاکردنەوەی ئەو داوایە".

23. ناوەرۆکی بڕیارەکەش بەم شێوەیە بوو" پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کە بڕیاری دەرکراو بە ژمارە (6/فەرمان سالاری/2022) لە ٢٠٢٢/٧/١٩ ڕاست نیە و پێچەوانەی یاسایە، چونکە لە دەرکردنی فەرمان سالاری دەستوەردان ناکرێت بە ڕەسەنی مافەکە و هەروەها لە گریمانەی ڕاست و دروست دەرچوونی بانگەشەی داواکار لە داوای ژمارە ( ٣٥\ك\٢٠٢٢) ئەواکاریگەری دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێری ژمارە (٦١٧\٨\١١) لە ٢٠٢٢\٦\١٥) وە لەبەر نەبوونی ڕێگری یاسایی بۆ دەرکردنی فەرمان سالاری بە ڕاگرتنی جێبەجێ کردنی فەرمانی کارگێری سەرەوە بۆیە لەسەر داوا بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی فەرمان سالاری دەرچوو لەم دادگایە بە ژمارە (٦\فەرمان سالاری\٢٠٢٢) لە ٢٠٢٢\٧\١٩) وە بڕیاردان بە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی فەرمانی کارگێری ژمارە (٦١٧\٨\١١) لە ٢٠٢٢\٦\١٥ تا ئەنجامی داوای ژمارەی ٣٥\ك\٢٠٢٢ وە ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندی دار بە بڕیارەکە پاڵپشت بە ماددەی (١٥٣) لە یاسای دادبینی شارستانی وە بە زۆرینەی دەنگ دەرچوو وە شیاوی پێداچوونەوەیە و بە ئاشکرا ڕاگەینرا، لە ٢٠٢٢\٨\١٠.

## 6. لیستی سەرچاوەکان

### 1.6 پەرتوکەکان


1. احمد قاسم على شرهان السودانى، (2021). *قضاء العجلة لدى المجلس الدولة*، ط1، بغداد: مكتبة القانون المقارن.
2. د. فارس على جانكير، (2020). *دعوى الغاء القرار الاداري (دراسة مقارنة)*، دهوك: مطبعة بةروةر.
3. زانا حمه رووف و دانا عبدلكريم سعيد، (2017). *المبادىء العامة في القانون الاداري (الكتاب الثاني)*, ط1, السليمانية: المطبعة يادگار.
4. سليمان الطماوي، (١٩٩١). *النظرية العامة للقرارات لادارية*، ط ٦، القاهرة: دار الفكر العربي.
5. شريف احمد بلعوشه، (٢٠١٦). *اجراءات التقاضى امام القضاء الادارى*، ط١، القاهرة: مركز الدراسات العربية.
6. عبدالعزيز المنعم خليفة, (2006). *قضاء الامور الادارية المستعجلة*, دار الكتب القانونية.
7. عبدالغني بسيوني عبدالله، (٢٠٠٦). *وقف تنفيذ القرار الاداري فى احكام القضاء لاداري*، ط٣، الاسكندرية: منشهآة المعارف.
8. عصمت عبدالله الشيخ، (٢٠٠٦). *جدوى نظام وقف تنفيذ القرارات الادارية فى تحقيق التوازن المطلوب بين الادارة والافراد*، القاهرة: دار النهضة العربية.
9. غازى فيصل مهدي و عدنان عجيل عبيد، (2020). *القضاء الاداري*، ط٤، النجف: مكتبة دار السلام القانونية.
10. مازن ليلو راضي و زانا حمه رووف و دانا عبدلكريم سعيد،(2020). *القضاء الاداري*, ط1, السليمانية: المطبعة يادگار.
11. مازن ليلو راضي، (2013). *الوسيط في القانون الاداري*، ط1، لبنان: الوسسة الحديثة للكتاب.
12. ماهر صالح علاوي الجبوري، (2022). *مبادىء القانون الاداري*، ط١، بغداد: الذاكرة للنشر والتوزيع.
13. محمد السناري، (٢٠٠٥). *نفاذ القرارات الادارية (دراسة مقارنة)*، ط١، القاهرة: دار النهضة العربية للنشر والتوزيع.
14. محمد رفعت عبد الوهاب، (٢٠١٢). *النظرية العامة فى القانون الاداري*، الاسكندرية: دار جامعة الجديدة.
15. محمد محمد عبداللطيف، (2020). *الوجيز في القضاء الاداري, الجزء الاول*, جامعة المنصورة: كلية الحقوق.
16. محمود عبد علي الزبيدي، (٢٠٢١). *دور القضاء الاداري في تحقيق الموازنة بين سلطة الادارة وحقوق المتقاضين في المرافعات الادارية*، ط١، بغداد: دار المسلة.
17. نسرين جابر هادى، (2017). *القضاء الاداري المستعجل*، ط١، القاهرة: المركز العربي للدراسات والبحوث العلمية.
18. وسام صبار العانى، (2015). *القضاء الادارى*، ط ١، بغداد: مكتبة السنهورى.


### 2.6 سەرچاوە وەرگێرداوەکان:


1. مازن ليلو راضي و زانا حمه رووف و دانا عبدلكريم سعيد، (2020). *قەزای کارگێری*، و: عەبدولقادر ساڵح عبدول, چ1, سلێمانی: چاپخانەی یادگار.


### 3.6 تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە زانکۆییەکان:


1. پەریسا پەرویز خەسرەو. (2017). "النظام القانونى للوقف القضائى لتنفيذ القرارات الادارية"، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية_كلية القانون والسياسة.
2. سليمان سالم مرضي الراجحي. (2013). "وقف تنفيذ القرار الاداري", رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط_كلية الحقوق.
3. غيتاوي عبد القادر. (2008). "وقف تنفيذ القرار الإداري قضائيا", رسالة ماجستير، جامعة ابي بكر بلقايد. تلمسان_كلية الحقوق.
4. يحي جلال عبدالله. (٢٠١٨). "الرقابة القضائية على القرارات الضمنية للادارة"، أطروحة دكتوراه، الجامعة الاسلامية فى لبنان_كلية الحقوق.
5. Maxime Lei. (2018). "Le Principe de l'absence d'effet suspensif des recours contentieux en droit administrative". THÈSE, Université de Toulon, Français.


### 4.6 تویژینەوە و بلاوكراوە زانستییەکان


1. ابراهيم محمد الحمود. (٢٠٢١). "مسلك القضاء الادارى المستعجل الفرنسي فى حماية الحريات الاساسية فى جائحة كوفيد _١٩"، مجلة الحقوق، جامعة الكويت، الجزء الثانى، ل.ل 13_39.

2. أحمد عبداللطيف أحمد سليمان. (2022). "الطبيعة القانونية لوقف تنفيذ القرار الإداري السلبي والحكم فيه وأثره"، المجلة القانونية (مجلة متخصصة في الدراسات والبحوث القانونية)، المجلد: 12، العدد: 8،. ل.ل: ١٩٧٨-٢٠٠٨.
3. الحميدي بن إبراهيم بن مرزوق الحميص. (2019). "وقف تنفيذ القرار الإداري في النظام السعودي". "المجلة الكترونية الشاملة متعددة المعرفة لنشر الأبحاث العلمية و التربوية", العدد١٩.
4. خالد الزبيدى، (2008). "القرار الاداري الضمني في الفقه ولاقضاء الاداري"، مجلة الدراسات، علوم الشريعة والقانون، الجامعة الاردنية، المجلد 35، العدد1.
5. عبد المقصود توفيق أحمد. (2022). "نطاق تطبيق وقف تنفيذ القرار الإداري-دراسة مقارنة في الفقه وقضاء مجلس الدولة الفرنسي والمصري-". المجلة القانونية (مجلة متخصصة في الدراسات والبحوث القانونية) مجلة علمية محكمة، المجلد: 13، العدد: 7، ل.ل 1627-1710.
6. مصطفى رسول حسين و هەورامان محمد سعيد. (٢٠١٦). "الرقابة القضائية على القرار الإداري السلبي"، مجلة دراسات قانونية و سياسية، كلية القانون والسياسة، السنة الرابعة، العدد:٧. ل.ل ١٥١-__١٩٠.

### 7.6 سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

1. Conseil d'État, Section, 07/10/2016, 395211, Publié au recueil Lebon : https://www.legifrance.gouv.fr/ceta/id/CETATEXT000033222584/.

### 6.6 یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان

#### 1.6.6 یاسا و ڕێنماییەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان

1. یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (83) ساڵی 1969.
2. یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە 14 ساڵی ٢٠٠٨.
3. یاسای ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراق ژمارە 71 ساڵی 2017.

#### 2.6.6 یاسا بیانییەکان

1. Code de la santé publique, septembre 2022.
2. Code de justice administrative Loi n°2000-597 du 30 juin 2000 en vigueur le 1er janvier 2001.

### 7.6 بڕیارە دادوەرییەکان:

#### 1.7.6 بڕیارە دادوەرییەکانی عێراق وهەرێمی کوردستان:

1. بڕیاری دادگای قەزای کارگێری عێراق لە داوای ژمارە (١٤/ولائی/ق/٢٠١٨) ژمارەی بڕیار (2018/2399) لە ١٥/2018/10. بڵاونەکراوە.
2. بڕیاری دادگای قەزای کارگێری عێراق لە داوای ژمارە (1886/ولائی/ق/٢٠٢٠) ژمارەی بڕیار (2020/1481) لە 2020/9/9. بڵاونەکراوە.
3. بڕیاری دادگای قەزای کارگێری عێراق لە داوای ژمارە (١٤١٥/ ولائی/ ق/٢٠٢٢) ژمارەی بڕیار (2022/1386) لە 2022/3/30. بڵاونەکراوە..
4. بڕیاری دادگای قەزای کارگێری عێراق لە داوای ژمارە (..../ ولائی/ ق/٢٠٢٢) ژمارەی بڕیار (...../2022) لە 2022/5/9. بڵاونەکراوە.
5. بڕیاری دادگای قەزای کارگێری عێراق لە داوای ژمارە (..../ ولائی/ ق/٢٠٢٢) ژمارەی بڕیار (......./2022) لە 2022/8/10. بڵاونەکراوە.
6. بڕیاری دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە داوای ژمارە (69/دەستەی گشتی/ بەرزەفتەکردن/2020) ڕێکەوتی 2020/8/24، بڵاونەکراوە.
7. بڕیاری دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (116/دەستەی گشتی/ بەرزەفتەکردن/2019) لە ڕێکەوتی 2019/9/15. بڵاونەکراوە.
8. بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (135/بەرزەفتکردن/2013)، لە ڕێکەوتی 2013/10/31، بڵاونەکراوە.
9. بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (18/بەرزەفتکردن/2019)، لە ڕێکەوتی 2019/6/17، بڵاونەکراوە.
10. بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (60/بەرزەفتکردن/2019)، لە ڕێکەوتی 2019/11/26، بڵاونەکراوە.
11. بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (45/بەرزەفتکردن/2020)، لە ڕێکەوتی 2021/4/18، بڵاونەکراوە.
12. بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (47/بەرزەفتکردن/2022)، لە ڕێکەوتی 2022/3/29، بڵاونەکراوە.
13. بڕیاری دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم، داوای ژمارە (47/بەرزەفتکردن/2022)، لە ڕێکەوتی 2022/8/7، بڵاونەکراوە.
14. بڕیاری دادگای کارگێری هەولێر لە داوای ژمارە (١٠٢/ ک /٢٠١٩) ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٧. بڵاونەکراوە.
15. بڕیاری دادگای کارگێری هەولێر لە داوای ژمارە (..../ امر ولائی /٢٠٢١) ڕێکەوتی 2021/12/14، بڵاونەکراوە.
16. بڕیاری دادگای کارگێری هەولێر لە داوای ژمارە (..../ امر ولائی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/2/27. بڵاونەکراوە.
17. بڕیاری دادگای کارگێری هەولێر لە داوای ژمارە (..../ امر ولائی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/4/12. بڵاونەکراوە.
18. بڕیاری دادگای کارگێری سلێمانی لە داوای ژمارە (٣/ امر ولائی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/7/19. بڵاونەکراوە.
19. بڕیاری دادگای کارگێری سلێمانی لە داوای ژمارە (٤/ دادخوازیی /٢٠٢٢) ڕێکەوتی 2022/8/10. بڵاونەکراوە.

#### 2.7.6 بڕیارە دادوەرییە بیانیەکان

1. بڕیاری دادگای باڵای کارگێری میسر، تانەی ژ (.....)ی ساڵی 55ق، دانیشتنی 2022/4/9. بڵاونەکراوە.
2. Conseil d'État, Section, 07/10/2016, 395211, Publié au recueil Lebon.
3. Conseil d'État, 1ère - 6ème SSR, 09/03/2016, 383060, Publié au recueil Lebon.

### 8.6 وانەی ئەکادیمی چاپکراو

1. القاضي الدكتور عثمان ياسين علي. (2019-2020). "في القضاء الاداري (القضاء المستعجل)"، المحاضرات لطلاب المعهد القضائي في اقليم كورستان، المرحلة الثانية – الدورة الرابعة.